Dr.Saleh Ebrahimi

# راپەرینی مەلیک غازی حەزرەتی شێخ عوبەیدیلای نەهری شاهی شەمزین (قُدّس سِرُّه)

لاپەرەی کتێب وەک شاپەرەکە ڕۆحی ئێمە
بۆلای نورو روناکی دەخاتە هەڵفڕین: وێلتێر.

نوسراوی دوکتور محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل)

Dr.Saleh Ebrahimi



## سەرەتا

دوای گرتنی قوستەنتەنیە (بیزانس) بە دەستی موسوڵمانان و هاتنە سەرکاری عوسمانی؛ هێمان ئوروپای مەسیحی کە لە جەنگی سەلیبیدا تێشکابوون، خۆیان کۆ نەکردبۆوە؛ ئیمپەراتۆری عوسمانی لە سەدەی ١٧ ی زایینی پەلاماری ئوروپایانی دا و لەم لاشەوە راپەڕینی سەنعەتی لە ئوروپا و سازبوونی هێزی دەریایی ئەوان کە توانیان پەرە بە وزەی ئیستعماری خۆیان لە ئاسیا، ئەفریقا و ئەمریکا بدەن و رق و قینی هێرشی عوسمانی و ئازار و شکەنجە و تالان و بڕۆیێ کە تورکی عوسمانی بە سەر ئەوانیدا هێنابوو، لە دڵ و دەرونیاندا، دەکولی و دەرەتانیان بۆ هەڵکەوت و دایان بە سەر عوسمانیدا و لە سەر تەختی بەخت لایان بردن، چون عوسمانی لە نێو خۆیدا گەندەڵ ببوو خەریکی دزی و زۆرویژی و ئیفساد کردن بو، جا ئەوە بو لە نیوەی دوەمی سەدەی (١٨) کە ئوروپایان یەکیان گرت و لە سەدەی ١٩ کورد و ئەرمەنی کە فرە ناڕازی بون بە دژی عوسمانی راپەرین، لە ساڵی ١٨٢٩ی ز، دوای شەڕی روس و عوسمانی کوردەکان هەندێکیان چونە قەفقاز و ئێستا لەو ناوە فرەن.

### *راپەڕینی کوردەکانی لکاو بە عوسمانیەوە بەر لە تیاچوونی ئیمپەراتوری*

عوسمانی لە سەدەی هەژدەوە، لێبڕا بە لاسایی کردنەوە لە ئوروپا بەشێوەی مودێرن بە مەرکەز ئۆگرانە، وڵات ببا بەڕێوە، جاران ئەگەر لەگەڵ سەرکردەی هۆزە کوردەکان، خۆی دەخونجان و بە دەغەڵی ئەوانەی پێکەوە بەشەڕ دەدا و ئەونەی لە حوکومەت کردنی کوردەکان، خۆ تێهەڵنەدەقورتان، بەڵام لەوە بەدوا بەتایبەت لە سەدەی نۆزدەوە، لە ترسی ئەوەی کوردەکان بە روس و ئینگلیس ئۆگری پەیدا نەکەن، دەسی کرد بە نابودکردنی حوکومەتە کوردیەکان. یەکەم نەتیجەی ئەم سیاسەتە ناشیانەی عوسمانی، کوردەکانی کردە دوژمنی حوکومەتی ئەستەمبوڵ و ئەو پاشا کوردانە، کە دیتیان بە پانەوە تورکی عوسمانی هوروژمیان بۆ وڵاتی کورد و کوردستان هێناوە، بە دژی عوسمانی راپەڕین. ئەم بزاوانە یەکێکیان لە سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدە، ڕووی داوە و راپەڕینی دوەمی کوردەکان بە دژی عوسمانی لە نیوەی سەدەی نۆزدە، رووی داوە.

Dr.Saleh Ebrahimi



یەکێ لەو ڕاپەڕینانە، **ڕاپەڕینی بەکرپاشای کوڕی سلێمان پاشای بەبە یا بابان** بووە، کە بە دژی حوکومەتی بەغدادا چووەو بەداخەوە لە ساڵی ١٧١٦ی زایینی کوژراوە.

دوەم: **ڕاپەڕینی ئەورەحمان پاشای بابان** بە دژی والی بەغا بووە، کە لە ساڵی ١٧٨٨ی زایینی کە براکەی پشتی چۆڵ کرد و یارمەتی والی بەغای دا، حوکومەتی ئەورەحمان پاشای بابان تێشکا.

سێوەم: **ڕاپەڕینی محەمەد پاشای ڕەواندز** بووە، لە ساڵی ١٨٣٠ی ز. لەو ڕاپەڕینە محەمەد پاشا بە دژی داگیرکەران، توانی ناوچەی هەولێر و ڕانیە و بەردەقیتی کورد، ماردین و نەسیبەین، وەک هەولێر، عیمادیە، کۆیێ، ڕانیە، سلێمانی، دوکان، زاخۆ، ڕەواندز، دهۆک، جزیرەی عەبدولعەزیز کوڕی عومەر کوردی خەڵکی بەرقەعید سەر بە موسڵ، کە لە ٥٥٥ مانگی و ١١٦٠ ز- لە دایک بووە؛ ئەبولفیدا (٣-١٣٩) و کوڕی خەلەکان لە باسی جزیرەدا (ع) کۆبەی پەڕەی ١٧١ شەرەفنامە بە زمانی کوردی چاپی ١٩٨١ز - ئۆفێستی تاران جەواهیری) ناوچەی بادینان و زاخۆ لە بندەس تورکی عوسمانی ڕزگار بکا. محەمەد پاشای ڕەواندز فرە لە بیری ئەوەدا بووە کە کاروباری وڵات و دەستووری سیاسی و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری خۆی بە پێی شەریعەت و فتوای زانایانی دینی ئەنجام بدا، پاشای ڕەواندز لە سەرەتاوە نەیارانی ناوچەیی، وەکو یەزیدیەکان و ئەمیرانی بابان و سەرکردەی هۆزە کوردەکانی ناوچەیی، سەرکوت کرد و سەرزەویەکانی ئەوانی خستە بندەس خۆی. بۆ نموونە خەتێ، بێتوێن، خەلەکان، دێ گەڵە، چناران بو بە موڵکی سۆران. ئەو میرە گەورە و مەزنە فرە بوێر و ئازا و ڕەشید و بێڕوحمیش بووە و بۆ ماوەی چوارساڵ لەو ناوەندانەدا تا شاری موسڵ بەو پەڕی دەسەڵاتەوە حوکومەتی کردوە و حوکومەتەکەیشی لە لایەن والی بەغا نوێنەری ئیمپەراتوری عوسمانی بەرەسمی ناسرابوو . عوسمانی لەوەی کە ناوچەکە وا بە وزە و قودرەتەوە ئیدارە دەکا نارازی نەبووە.

**ڕاپەڕینی بەدرخان پاشا** کە بە شایەدی دۆست و دوژمن ئەم ڕاپەڕینە لە سۆنگەی بیر و هزری کوردایەتی و ناسیونالیزیمی کوردی و لە ڕووی نەتەوەخوازی بۆ دامەزراندنی

Dr.Saleh Ebrahimi



دەوڵەتی کوردی بووە. ئەم ڕاپەڕینە دوای ئەوەی عوسمانی دەسی کرد بە لابردنی ئەمیرنشینەکانی وڵاتی کوردەواری و لکاندنی سەرزەوی کوردستان بە حوکومەتی ناوەندی ئەستەمبوڵەوە، ڕاپەڕینی بەدرخان پاشا پێیهەڵگرت. بەدرخان پاشا لە ساڵی ١٨٠٢ی ز، لە جزیرە پێتەختی حوکمڕانی بۆتان لە نێو خانەدانێکی حاکم و خاوەن دەسەلات لەدایک بووە و لە ساڵی ١٨٢١یز، دوای وەفاتی باوکی دەسەلاتی حوکمڕانی گرتە دەس. دوابەدوای تێشکانی سپای عوسمانی بە دەس ئیبراهیم پاشا، حاکمی میسر، بەدرخان پاشا لەگەڵ حاکمانی کورد پێوەندی سازدا. لە حاکمانی قارسەوە (کە لە باکووریترین نوختەی کوردستانە) تا میرەکانی ئەردەلان، هەمو حاکمانی کوردستانی لەگەڵ خۆی یەکخستن و موتەحیدی کردن و لە ئاخری دەهەی چلی سەدەی نۆزدەی زاینی، ڕاپەڕینی خۆی بە نییەتی بەدیهێنانی کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ دەس پێ‌کرد. باوەکو ڕاپەڕینەکە فرە سەرکەوتوانە و بەپەلە سەری گرت و پێشکەوت، بەلام حوکومەتی عوسمانی بە کۆمەگی هەیئەتی ئاینی ئینگلیسی و ئەمریکایی هۆزە مەسیحییەکانی لە بەدرخان پاشا، دوور خستەوە و ئەوسا بە گزی و فزی «یەزدان شێر» ی برازا و فەرماندەی دەسەی خۆرهەلاتی سپای بەدرخان پاشایان فریو دا و ئاخرین دەسیانلە ڕاپەڕین وەشاندو بەدرخان پاشا ناچار خۆیدا بەدەسەوە و لە ساڵی ١٨٦٨ی ز ، لە شاربەدەرا وەفاتی کرد.

**ڕاپەڕینی یەزدانشێر برازای بەدرخان پاشا**. یەزدانشێر کە لە ساڵی ١٨٠٥ی ز، لە سەر ئەمیرنشینی هەکاری لایان بردبوو، دوای دەس پێ‌کردنی شەڕی ڕوسو عوسمانی لە ساڵی ٨٥٣ کەوتە بیرکردنەوە و لە بەهاری ١٨٨٥ دوای ئەوەی هێزێکی پێکەوە نا لە بدلیس دەسی کرد بە ڕاپەڕین و بە گرتنی موسڵ، سیرتو هەکاری (ناوەندی عومدەی نیزامی عوسمانی لە ناوچەدا) سەرزەویێ پان و بەرینی لە نێزیکی شاری بەغاوە تا دەریاچەی وان و دیاربەکر (ئامێد) ی خستەبندەسەلاتی خۆی. بەهاتنی زمسان و گەڕانەوەی ڕوسەکان بۆ بنکەی زستانی خۆیان، حوکومەتی عوسمانی بۆ ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ ڕاپەڕینی یەزدانشێر، دەرەتانی بۆ ڕەخسا. لەو نێوانەدا «نمرودرەسام» نوێنەری

Dr.Saleh Ebrahimi



بەریتانیا لە ناوچەدا، رۆڵ و نەخشێ فرە گرینگی گێڕا. پوڵ و دراوێ فرەی بە ریشوە دا بە سەرکردەکانی کورد و ئەوانی لە یەزدانشێر دور خستەوە و پشتی راپەڕین خالی بوو. یەزدانشێر کە بۆ ئازادی و سەربەخۆ کردنی کوردستان لە رێگای وتوێژەوە بە ناوبژی کردنی بەریتانیا، روی کردە ئەستەمبوڵ، باوەکو بریتانیا دڵنیای کرد کە لە وتوێژ لەگەڵ حوکومەتی عوسمانی پشتیوانی لە یەزدانشێر دەکا، کەچی هەر گەیشتە ئەستەمبوڵ گرتیان و زیندانیان کرد، جا دوای زیندانی کردنی یەزدانشێر، سپاکەی دوای چەندێ ئاوارە بون لە چیا و نێو کێوە بەرزەکاندا، پرش و بلاو بون. چارەنووسی ئەمیش هەر وەکو بەدرخان پاشای مامی بەسەر هات.

**راپەڕینی مەلیک غازی شێخ عوبەیدیلای نەهری شاهی شەمزین.**

ئەم ڕاپەڕینە گرینگترین و کوردایەتی‌ترین راپەڕینی کوردە لە سەدەی نۆزدەی زایینی‌دا و ژمارێ فرە لە لێکۆڵەران، شێخ عوبەیدیلا بە یەکەمین پێشەوای نەتەوە و نیشتمان ئۆگری کورد دەزانن کە کوردایەتی کردوە و درەسی ناسیونالیسمی و کوردایەتی فێری سەرکردەکانی کورد کردوە کە ٢٢٢ کەس لە سەرانی کوردی لە نەهری کۆ کردۆتەوە و ئەنجومەنی کوردی بۆ کوردایەتی کردن بۆ ساز داون‌و نامەی بۆ"ویلیام ئابوت" ژەنراڵ کونسولی بەریتانیا لە تەوریز، نوسیوە و بەوی راگەیاندوە:« نەتەوەی کورد، نەتەوەیەکە جیایە لە فارس و تورک و عەرەب و رەگەزێ تایبەت بە خۆی هەیە. مەزهەبی کورد لە مەزهەبی ئەوان جیایە و ئاداب و روسوم و خوو ئاکاریان لەوان جیایە، سەرانی کورد و حاکمانی کوردستان چ ئەوانەی لە بن‌دەس تورکی عوسمانی یا لە بن‌دەس حاکمانی قاجار لە ئێران‌دان، و هەمو نیشتەجێی کوردستان بە یەک دەنگ و بە یەک قسە لە سەر ئەمە سورن کە کورد، ناتوانێ لەگەڵ ئەو دو حوکومەتە مارز و زاڵمەدا کار بکا و لەگەڵیاندا ناتوانێ بژی. پێویستە کارێ بکرێ کە دەوڵەتانی ئوروپا سرنجی کورد بدەن و لێی ورد بنەوە و لێی بکۆڵنەوە تا باش بزانن کە کورد، نەتەوەیەکە جیا لە تورک و فارس و عەرەب و ئێمەی کورد ئەمانەوێ کاروباری کوردەواری خۆمان بە بیر و هزر و دەس و فەرمانی خۆمان هەڵی‌بسووڕێنین و بەدەسی خۆمان ولاتی خۆمان ئیدارە بکەین. *(بروانە*

*توحفەی ناسری لە تاریخ و جوغرافیا / میرزا شوکروڵڵای سنەیی ، ئەفخەرولکوتتاب/ بە بەرکولی دوکتور حەشمەتوڵلا تەبیبی/ ئەمیرکەبیر تاران/١٣٦٢ی هەتاوی)* نامەی شێخ بە خەتی خۆی ئێستا بە وێنەی سەنەدی تاریخی لە ئارشیوی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بەریتانیا راگیردراوە و کوریس کۆچەرایش لە بابەت نامەی شێخەوە نوسیویەتی: لەگەڵ حوکومەتی قاجار و عوسمانیدا، ناکرێ بەمجۆرە کارێ بکرێ و ناتوانین لەگەڵیاندا بژین. پەڕەی ٢٧ جونبوشی میللی کورد چاپی ١٣٧٣هەتاوی بلاۆکی نیگاه تاران و هەروا کتێبی ئابی ژمارەی ٥ ساڵی ١٨٨١ ز - پەڕەی ٥٤ و.ن. ئا. خەڵفەین راپەڕینی شێخ عوبەیدیلای بەناوی راپەڕینی کوردایەتی و گەورەترین راپەڕینی نەتەوەخوازی کورد، لە سەدەی ١٩ داناوە. تەرجەمەی جەلال تەقی لە روسیەوە بۆ کوردی سۆرانی (شەپۆل).

دوای شەڕی ١٨٧٨ -١٨٧٧ی زاینی، روس و تورکی عوسمانی، کوژران و مردنو تالان و ماڵوێرانی و قات و قڕی و گرانی و هەژاری و دەربەدەری و ئاوارە بونی خەڵکی کورد، خەڵکەکە ڕویان کردە ماڵە ساداتی نەهری. مەلیک غازی شێخ عوبەیدیلای نەهری لە مێژوی ناوچەی کورد و کوردستان هەر وەکو مونجی تەماشای کراوە و ئەویش بۆ ئازادی کورد و کوردستان راپەڕیوە و دوای تەگبیرو مەشوەرەت بە کورد و سەرانی دڵسۆزی کورد، لە ساڵی ١٨٨٠ بە سپای کوردەوە لە دو قۆڵەوە هێرشی بردە سەر سپای قاجار لە ئێران، بەلام بە فێڵی روس و دنەدانی ئینگلیس تورکی عوسمانی و قاجار بە یارمەتی روسیە زۆریان بۆ کورد هێنا و لە هەردو لاوە ئابلۆقەیان دا و بە ناچار سپای شێخ بەرەو ناو چیا پاشەکشەی کرد و تورکی عوسمانی بە یارمەتی روس و دنەدانی ئینگلیس شێخیان گرت و ناردیانە حیجاز و سەرەنجام لەوێ لە ١٨٨٣ی ز ، وەفاتی کرد. *(بروانە راپەڕینی مەلیک غازی شێخ عوبەیدیلا نەهری شاهی شەمزین/ د.محەمەد سالح ئیبراهیمی ، شەپۆل/ چاپی ٢٠٠٦ی ز/ وەزارەتی رۆشنبیری/ هەولێر/ کوردستانی ئازاد)*

**راپەڕینی ئیحسان نوری پاشا** کە لە ساڵی ١٩٢٠ی ز، تا ساڵی ١٩٢٥ بەوپەڕی بوێری ئالای ئازادی کورد و کوردستانی لە سەر چیای ئارارت( ئاگرێ) هەڵدابوو کە بەداخەوە بە

گزی و فزی رەزاخان پەهلەوی و خەیانەتی ئیساساکۆ نێوێ کە رەزاخانیش ئیجازەی بە سپای تورکی عوسمانی دابو تا لە بەشی کوردستانی بندەسی رەزاخان پشت لە سپای ژنرال ئیحسان نوری پاشا هەڵۆی کوردستان بگرن و راپەرین تێک بشکێنن و ئیحسان نوری پاشا لە دەربەدەری بە مۆتورسیکلێت شەهید بکەن کە لە ١٣٥٥/١/٥ی هەتاوی لە بیمارستانی سینا لە تاران وەفاتی کرد و لە قەتعەی ٩ قەبری ژمارە ١٢ لە بەهەشتی زارای تاران بە خاکیان سپاردوە.

**راپەرینی شێخ عەبدوسەلام بارزانی** بۆ دابین کردنی مافی رەوای کورد، شێخ عەبدوسەلام لە ساڵی ١٩٠٧ی ز، لە نامەیەکی سەرئاواڵەدا کە بە مۆر و ئیمزای خۆی بۆ کاربەدەسان و گەرێنەرانی حوکومەتی عوسمانی ناردوە، نوسیویەتی: «١ـ زمانی کوردی ببێتە زمانی رەسمی لەم قەزا و فەرمانداریانەدا: دهۆک، ئاکرێ، ژەنگار، ئامێد و زاخۆ. ٢ـ خوێندن بە زمانی کوردی بێ لە ناوچەی بادیناندا. ٣ـ کاربەدەسان و فەرمانبەران و هەڵسوورێنەرانی ناوچەی بادینان، کورد بن. ٤ـ باجەکان: باجی خزمەتی سپاییگەری هەر وەک خۆی بمێنێ بەو مەرجەی بۆ سازدانی رێگا و بان و کردنەوەی فێرگە و فێرانکۆ بێ و لە بادینان و لە ناوچەی بادینان خەرج بکرێ. ٥ـ لە ناوچەی بادینان بڕیارەکان بە پێودانی شەریعەتی ئیسلام رابگەیێندرێن. ٦ـ باجی نارەوا لابرێن و بە پێی شەریعەت باج و خەراج وەربگیردرێن. ٧ـ قازی و موفتی کە لە بادینان دادەنرێن دەبێ لە سەر رێبازی ئیمام شافعی بن، نەک رێبازەکانیتر *(دەمەلوجی ٨٩)*.

شێخ عەبدوسەلام لە ١٩١٤ی ز، لە راژان میوانی سەیید تاهای نەهری دوەم دەبێ و لە مانگی ئابدا لە تەفلیس چاوی بە گراندۆڤ جێگری قەیسەر و سەرکردەی سپای باشور دەکەوێ و داوای پشتگری لە روسەکان دەکا، بەلام روس یارمەتی شێخ نادەن و دەگەڕێتەوە و لە سەر رێگا چاوی بە سمکۆی مەزن دەکەوێ کە بەداخەوە سۆفی عەبدوللا فنکی بۆ پوڵ وەرگرتن لە تورکی عوسمانی کە شێخ میوانی دەبێ، دەیداتە دەس دوژمن و لە ئاکامدا بە دەستوری سلێماننەزیف کوردی والی موسل لە دار دەدرێ. یانی کورد بۆ رازی کردنی تورکی عوسمانی ئەو مرۆڤە پاک و دڵسۆزەی کوردی شەهید

Dr.Saleh Ebrahimi



کردوە.(*د.عوسمان عەلی/ زانکۆی تورنتۆ/ کانادا/ کۆنگرەی یادوارەی سەدساڵەی بارزانی نەمر/ چاپی ۲۰۰۳ی ز*)

**راپەڕینی مەلیک مەحمود بەرزنجی حەفید.**

شێخ مەحمود بەر لە دوایی هاتنی جەنگ لەگەڵ سەرانی کورد، لە شاری سلێمانی، کەرکوک ، توزخورماتو ، عیمادیە و کۆیێ بۆ پێک هێنانی کوردستانی سەربەخۆ ، لە ۱۹۱۷ی زاینی لە کۆنگرەیەکدا، لەگەڵ گەورە مرۆکانی سلێمانی کۆ بۆتەوە و داوای کوردستانی بندەسی پەهلەوی لە ئێران کردبو. بەلام ئینگلیسیەکان پێیان وتبوو داوای وا نەکا. لە شەڕدا شێخ یەخسیر دەکرێ و لە ۲۵ی ژوئینی ۱۹۱۹ی ز، کە لە بەغا موحاکمە دەکرێ، سەلاحیەتی دادگا ڕەت دەکاتەوە و وەکیلیش ناگرێ و دەفەرمێ :« لە سەر داخوازی نەتەوەی کورد، بۆ بەدەس هێنانی ئازادی لەگەڵ ئێوە پەیمانم گرێدا بەو مەرجەی ئێوە زامنی ئازادی کوردستان بن، ئیجازەم دا بێنە خاکمانەوە، ئێوە درۆتان وت و نییەتی‌ترتان لە سەرا بووە، من بە هەڵبژاردنی خەڵک بومەتە حوکمدار، بەرپرسم کە نەیەڵم ئێوە بەدفەڕانە لە کوردستاندا کاربکەن، ئێوە کارێ واتان کرد لە جەنگ زیاتر چارێکمان نەبوو، ئێستا من یەخسیری ئێوەی بریتانیاییم و لە دوژمنی خۆم و نەتەوەکەم چاوەڕوانی خێر نیم و بۆ مردن لە ڕێگای کوردایەتی‌کردن و خزمەت بە نەتەوەی کوردی خۆم، ئامادەم. (*جونبوشی میللی کورد/ کریس کۆچەرا/ ئیبراهیم یونسی/ نیگا، ۱۳٤۷ی هەتاوی تاران*).

بەڵێ شێخ مەحمود شاری سلێمانی کردە پاتەختی پاشایی بۆ کورد و کوردستان، کە لە بەرا پێتەختی بابان بووە.

**راپەڕینی پێشەوا قازی محەمەد.**

هەر ئەوە کە توانی لە ۱/۲۲ /۱۹٤٦ی زاینی کۆماری کوردستانی سەربەخۆ لە شاری مەهاباد دابمەزرێنێ، بە هاوکاری کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دیموکرات و هەروا بە هاوکاری خەڵکی ئازاد و نیشتمان‌خوازی کوردی ناوچەی کوردستان، هەروا بە پشتیوانی ژەنراڵ مستەفا بارزانی و بارزانیانی هاوڕێی کە لە ۱۹٤٥/۱۰/۱۱ی ز ، کۆمەڵەی ژێکاف

پێوەندیان بە بارزانی‌یەوە گرتوە و لە خەزەڵوەری ١٩٤٣ی ز، نامەیەکیان بۆ بارزانی نوسیوە و بارزانیان بە سەرۆکی گەورەی کورد ناساندبوو ( بڕواننە گۆڤاری نیشتمان ژمارەی ٢) . بارزانی لە ١٣٢٤/١٢/٩ و ١٩٤٦/٢/٢٨ کاتژمێری ٥/ی دوانیوەڕۆ تەشریفی موبارەکی گەیشتۆتە شاری مەهاباد پێتەختی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان و پێشوازی گەرم و گوڕی لێ کراوە و دوای دیدار لەگەڵ پێشەوا قازی محەمەد، مستەفا بارزانی لە ڕێ و ڕەسمی ڕاگەیاندنی کۆمار بەشداری کردوە.

پێشەوا قازی محەمەد ئینسانێک شەریف، زانا و دڵسۆز و فەرهەنگ‌پەروەر بووە. هونەری پێشەوا لەوەدایە کە بەر لە ئێران کۆماری کوردستانی دامەزراندوە و لەو ماوە کەمەدا چاپخانەی دامەزراندوە و ئەو هەموو کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی‌یانەی بەچاپ گەیاندوە و فێرگە و فێرانکۆی بۆ خوێندن بە زمانی کوردی ساز داوە و پەرەی بە ڕوناکبیری کوردی داوە و گیانی شیرینی خۆی لە پێناو ئازادی کورد و کوردستانا داناوە. خوالێخۆشبو مونتەقیم قازی کە لە نێو حیزبی دێموکرات گەڕابۆوە و نەخۆشبو، چومە دیدەنی و عەرزم کرد تۆ زەوی و خاکت زۆرە، وەرە مەردانە چەن هێکتار بەناوی زانکۆی پێشەوا قازی محەمەد ئەعلەللاهومەقامە لە مەهاباد وەقف بکە، قەولیشی دا و نەی‌کرد و وەفاتی کرد (شەپۆل).

**ڕاپەڕینی ژەنراڵ مستەفا بارزانی.**

لە ئاسمانی کوردەواری و مرۆڤانی‌دا، **حەزرەتی بارزانی ڕۆژە و بە فو ناکوژێتەوە.** نیشانەکانی دڵسۆزی، وشیاری، بێداری، کوردایەتی و زیندووبوونی حەزرەتی **مستەفا بارزانی ڕابەری کەبیری نەتەوەی کورد** لە هەموو کات و ساتێکدا دیارە وە لەم سەردەمەشدا، جا کورد لە هەر دۆخ و هەلومەرجێکدا بژی، **سێبەری ڕەحمەت و پڕبەرەکەتی بارزانی** وا بە سەرەوە. وە شوێنی پیرۆزی بیری ورد و تێکۆشانەکانی بە سەر کورد و کوردستاندا دیارە و هەر دیاریش دەبێ. وە نەتەوەی کورد، فەخر و شانازی بەو زاتە پاک و دڵسۆزەی خۆی دەکا. لە کۆنەوە وتویانە باش وایە وەسفی گەورە و دڵسۆز و خۆشەویستەکەت لە خەڵکی‌تر ببیستی چاکە. جا با بزانین "کارۆلێن" لە بابەت مستەفا

Dr.Saleh Ebrahimi



بارزانی چی وتووە:« لە گەرما و گەرمی پرۆژەی میستێر بوتی ئینگلیسی کە لە ئاخری سالی ١٩٧٠ی ز لە کوردستان ئەنجام دراوە، کارۆلێن ئینگلیسی بە ژەنرال مستەفا بارزانی دەلێ: حوکومەتی تورک، عەرەب و شای ئێران کوردیان لە نەخوێندەواری و کەم سەوادیدا قەتیس کردوە، تۆ چلۆن رابەری ئەو نەتەوە دەکەی؟ بارزانی لە وەلامدا دەفەرمێ: رابەری کردنی دەبێ وەک ڕێگاکانی کوردستان بێ، بەرەوژور چون و سەرەوخوار بونەوە و پێچاوپێچ کردن، بیری وردی ژیرانەی پێویستە، چونکا تەبیعەتی کورد، هەروەک تەبیعەتی خاک و نیشتمانمان، کوردستانە. خاکی کوردستان کێوی بەرزو بلیند و کێو و تەپۆلکی نزم و نەوی، دەشت و شیوی نزم و قوولی هەیە. هەر بەو شێوەش، نەتەوەی کوردیش لە چینی کۆمەلایەتی، بیر و ڕێباز و ئۆل و ئایین و مەزهەبی جیاجیا ساز بووە، نیازی بە رابەری کردنی کەسێ هەیە کە هەمو ئازار و دەرد و رەنج و خوو و خەسلەتی ئەوان بزانێ و ڕێگایان نیشان بدا. کارۆلێن دەلێ: ئەم قسانە لە قسەی فەرماندەیەکی نیزامی ناچێ، بەلکو لە قسەی فەیلەسوفان و بیرەوەران و ئەندێشمەندان دەچێ. کارۆلێن مستەفا بارزانی بە ناوی یەک فەیلەسوف ناسیوە و دەیناسێ و دەلێ: مستەفا بارزانی فەیلەسوف و بیرمەندە.» *(کونگەرەی یادەوەری سەد سالەی بارزانی نەمر/ د.محەمەد سالح ئیبراهیمی، شەپۆل/ هەولێر ٢٠٠٤/٣/١٤/ بەشی یەکەم ـ ئامادەکردنی مومتاز حەیدەری / پەڕەی ٣٩٨ تا ٣٤٩)*

لەشکری عێراق هێرشیان بۆ هەندرێن و زۆزەک هێنابو تا بارزانی و بارزانیان بە خەیال لەنێو بەرن. بەلام بارزانی ژەنرال مستەفا، ئەوانی خستە نێو تەلە و هەروەکو هەورەتریشقە دای بەسەر هێرشکارانی عێراقدا و زیاتر لە ٢٠٠٠ی لێ کوشتن و لەشکرەکانی دیکەی عێراق، تارومار کریان و بووە مەرگ و کارەسات بۆ سپای عێراق و ئیعتیبارێ گەورە و گرینگ و پۆزیتیوی بۆ ژەنرال مستەفا بارزانی بەدەس هێنا و **کورد و راپەڕینی نەتەوەی کوردی بە دنیا ناساند.** *(رنە موریس رابێرت رافونت/١٩٦ی ز)*

جا ئەوە بوو چەندین جار سەری بە حوکومەتی مارز و زالمی عێراق دانەواند و سەرەنجام بەعسی بەغای مەجبور کرد تا لە سالی ١٩٧٠دا بە تەواوی ئیعتیرافبە مافی رەوایکورد و

Dr.Saleh Ebrahimi



کوردستان بکا و هەر لەو سۆنگەوەیە، ئێستا کوردستانی باشوور ئازاد و سەربەخۆیە و شوکور بۆ خوا بەڕێز **سەرۆک مەسعود بارزانی** سەرۆکی کورد و کوردستان و سەرۆک وەزیرانی کورد و کوردستان **نەچیرڤان بارزانی** و ڕۆڵەکانی بارزانی و یار و یاوەرانی بارزانی و پێشمەرگەکانی بارزانی بەوپەڕی وزە و هێز و خێر و خۆشی و بەرەکەتەوە و بەوپەڕی ئەمنیەت و ئاسایشەوە کاروباری کورد و کوردستان بەڕێوە دەبرێ و باغی ئارەزووی کورد، هاتۆتە بەر و دیارە نەخشی بەڕێز **مامجەلال تالەبانی سەرۆککۆماری** عێراقی فیدراڵ بۆ کوردستانی یەکگرتو و بەهێز و ئاوەدان، لەگەڵ یارانی فرە دیار و گرینگە.

لە ١٩٢٠ی ز، بزاوی سمکۆی مەزن دەسی پێکردوە و تا ساڵی ١٩٣٠ی ز، بەردەوام بوە و لە سەرەتاوە حوکومەتی سەرسنوری سمکۆی مەزن لەلایان حوکومەتی ئەو دەمی ئێران بە ڕەسمی ناسراوە و عەسای مورەسەع و فەرمانی پاراستنی سنورەوانی پێدراوە. جا هەر لێرەوە باش تێدەگەین کە **بوحرانی نەتەوەی کورد، بەر لە بوحرانی فەلەستین روی داوە** و کورد بەر لە ڕاپەڕین لە ئوروپا، بیری کوردایەتی و ناسیونالیسیتی لەنێو جەرگ و هەناو و دڵ و دەرونی نەتەوەی کورد گیرساوە و گەرای داناوە. بیری کوردایەتی و ناسیونالیزمی کوردی، حەکیم ئەحمەدی خانی بەر لە بیری نەتەوایەتی خەڵکی ئوروپا خولقاوە و مەیبوە، کە فەرموویەتی: «لەڤ پێکڤە هەمیشە بێتفاق / دایم بە تەمەڕود و شیقاقن / گەردی هەبوا مە ئیتحادەک / ڤێکرا بکرا مە ئینقییادەک / تەکمیل دەکر مە دین و دەولەت / تەحسیل دەکر مە عیلم و حیکمەت / تەمییز دەبون ژ هەڤ مەقالات / مومتاز دەبوون، خودان کەمالات» یانی ئەگەر دژ و دوژمنان بیانهێشتبا و کوردیش بیری لە کوردایەتی خۆی بکردبا و لە باتی شەڕە گەڕەک لەنێو یەکدا بهاتبان یەکیەتی و ئیتحادیان لەنێو خۆدا ساز بدایێ و لە پێشەوا و ڕابەرێک ئیتاعەتیان بکردایێ، ئێمەی کورد، دینو دەوڵەتمان تەکمیل و تەواو دەکرد و حوکومەتی تایبەت بە نەتەوەی کوردمان ساز دەدا و ئیتر زانا و لە کارزان و نوسەر و خاوەن بیر و ئەندێشەی کوردیش، لەنێو داگیرکەراندا ون نەدەبون و لەنێو داگیرکەراندا نەدەتاوانەوە و لە دورەوە خۆیان بۆ خزمەت بە کورد، نیشان دەدا و کوردایەتیان دەگرد، نەک خزمەت بە بێگانە.

Dr.Saleh Ebrahimi



کورد فەرمویەتی:« بێکەس خۆم، وەتەنمە، دینمە.» یانی هەم دیـن و ئـایین و مـەرام و هەم وارگە و نیشتمان و وەتەن و نشینگەی کورد و نەتەوەی کورد، لەبەر بێکەسی و بـێ ئیتفاقی لە کورد، زەوت و داگیر کراوە. لێرەدا میسالێک دێنمەوە تا باش لە فایدە و واتای ئیتحاد و یەکیەتی و یەکبون بگەین و لەمەولا عەمەلی پێبکەین: تۆ سیغار و جگەرەیەک بگرە بە دەسەوە لە جەنگەی هاویندا لە نیوەڕۆدا بیدە بەر تیشـک و تێریـژی گـۆی ڕۆژ، هەرچی بەرزی بکەیتەوە یا بکۆشی سیغار و جگەرەکە گر ناگرێ و هەڵنابێ، بەلام ئەگەر زەڕەبینێک بێنی و بیدەیە بەر تیشکی گۆی ڕۆژ و سیغارەکەش بدەیتە بەر زەڕەبینەکـە، فەوری و بەلەز سیغارەکە گر و ئاگر دەگرێ و دوکەڵ لە سیغارەکە بەرز دەکاتەوە، چونکا زەڕەبینەکە ئەنێرژی تیشک و تینی گۆی ڕۆژ لە خۆیدا کۆ کردۆتەوە، بۆیێ دوکەڵـی لـە سیغارەکە بەرز کردۆتەوە. جا ئێمەی نەتەوەی کوردیش لە سـەرمان واجـب و پێویسـتە یەک بگرین و ئەنێرژی کوردایەتی کردن لە خۆماندا کۆبکەینەوە و لـەدەوڵـەتی ئێسـتای کوردستانی باشووری بـەتـەواوی بـیر و هـزرەوە ئـەنێرژی و گـوڕ و تـین و تەوانمانـەوە پشتیوانی لەو حوکومەتە بکەین و تەقوییـەتی بکـەین. بـە ورد بونـەوە لـەوەی حـەکیم ئەحمەد خانی بە پێی و دانی سرودی خۆی لە سالی ١٠٦١ی مانگی و ١٦٥٠ی زاینی لە دایک بووە و تاریخی نەزمی مەموزین دەبێ لە ١١٠٥ی مانگی و حودودی ١٦٩٢ی زاینی دابێ نەک لە ١٥٩١ی ز، و بنەماڵەی حەکیم ئەحمەد خانی لە ١٥٩١ یا ١٥٩٢ زایـنـی لـە سـەر زەوی بایەزیـدی کوردسـتان سـەقامگیر بـوبن و خـانی لـە ١١١٩ مـانگی وەفـاتی کردوە(طار خانی الی ربّة) چون سالی لەدایک بوونی حەکیم ئەحمەد خانی ١٠٦١مانگی بووە، بەو حیسابە دەبێ تەمەنی موبارەکی ٥٨ ساڵ بوبێ، هەر جۆر بـێ. فـرە لام سـەیرە هەندێ کەس لایان وایە بیری کوردایەتی و ناسیونالیزمی کوردی لە ئوروپـاوە، ئـەو بـیرە هاتۆتە نێو نەتەوەی کورد و بیریان لەو شیعرە میللی و کوردایەتی‌یـە و زهـوری حـەکیم ئەحمەد خانیان نەکردۆتەوە. جـا دەڵـێن:« تیـاچون و لـەنێوبردنی حوکومـەتی بابـان و ئەردەلان و ... هاوزەمان بووە لەگەڵ گەیشتنی سەرەتای بیرو هزری ناسیونالیسـتی لـە ئوروپاوە بۆ ڕۆژهەلاتی‌ناڤین‌و لە دەیەکانی دوایی‌سەدەی پ١٩ز ، بە پەیدابونی یەکەمین

Dr.Saleh Ebrahimi



شەپۆلی ناسیونالیزمی کوردی،کوردەکان لە بەر کوردایەتی‌کردن بێدار بونەتەوە و بە دژی داگیرکەران راپەڕینیان دەس پێ کردوە، چەن هۆ لە پەیدا بونی شەپۆلی ناسیونالیزم و کوردایەتی‌دا نەخشی هەبووە یەک لەوانە بڵێسەی بیری نەتەوە ئۆگری لەنێو قەومە دراوسێکانی نەتەوەی کوردا، چ فارس، تورک یا عەرەب و ... کە لە ئوروپاوە دەڵیبووە نێو دڵ و دەروونی خەڵکی رۆژهەلاتی ناڤین. یەکێ‌تر لە هۆکان، هەڵوەشاندنەوەی ئەمیرنشینەکانی کورد بووە، ئەو کارە بۆتە هۆ تا ئێمتیازاتێ کە هەندێ لە چینەکانی کورد لە کوردستان بەدەسیان هێنابوو، لە کیسی بدەن، لە نەتیژەدا چینی پڕوزە و پڕ ئەنێرژی و پڕتین بە پڕتاو چ لە ئاغا و چ لە خوێندەواران و رووناکبیرانی کورد، دەست بدەنە دەسی یەکتر، تا ماف و حەق و حوقوقی لەکیس‌چویان ، لە زاڵمان و
داگیرکەران بستێننەوە و دەوڵەتی دڵخوازی کوردی تایبەت بە خۆیان دابمەزرێنن. دوابەدوای گۆڕانی بیر و هزری کۆمەلایەتی، سیاسی و ئابوری و هاتنە پێشەوەی بیر و هزری کوردایەتی و ناسیونالیستی لە ژیانی رۆژانەی کۆمەلانی نەتەوەی کورد، ئەونەی دیکە هاتنە مەیدان کە زیاتر لە جاران بە بیری تازەی یەکبون و یەکگرتنەوە بە گیان و بە دڵ بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کورد و کوردستان بکۆشن و بکۆشین تا ئازادی هەمو کورد و خاکی پیرۆزی کوردستان بە چاوی خۆیان بی‌بینن و بی‌بینین و تێرتێر تەماشای یەک بکەین. *ئەمە سەرەتایە بۆ کتێبێ بەناوی "وارگە و زانایانی کورد (دایرەتولمەعاریفی کوردی)" شەپۆل/ تاران/ ١١ی مارسی ٢٠٠٧ی زاینی.* شەپۆل

Dr.Saleh Ebrahimi

لاپەرەی کتێب وەک شاپەرەکە رۆحی ئێمە
بۆلای نورو روناکی دەخاتە هەڵفرین: ویلتێر.

ناسنامەی کتێب :

**راپەرینی حەزرەتی شێخ عوبەیدیلای نەهری شاهی شەمزین (قُدِّسَ سِرُّهُ)**


□ - نوسەر: دوکتور محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل)

□ ویرستار: موهەندیس ئازاد ئیبراهیمی.

□ پیت‌چینی بەکامپیوتێر: مؤئەسەسەی نەقش چەلیپا خانم تاهیرە شامانیان

□ ناشیر : نوسەر

□ نوبەی چاپ: ئەوەڵ ۱۳۸۳ ی هەتاوی و ۲۸ SC ۲۰۰۴ - ز.

□ لیتوگرافی و چاپی: تەندیس نوقرەیی - نرخ ۱۰۰۰ تمەن

□ شابەک : ٦ - ۴۸۹۰ - ۰٦ - ۹٦۴ ISBN 964-06-4890-6

ژمارەی موجەویزی چاپ ۲۲۱۱۵ مێژوی ۱۳۸۳/۴/۲۵


هەرکاتێ دەچمە پەرلانە خەفەتمە؛ کە تەمەن، چەن کورتە، بۆکەڵک وەرگرتن لەو سفرە رەنگینە (شەپۆل).

هەرکەسێ فەرهەنگ و زانین بە دەس بێنێ رەحمەت و بەرەکەت بە سەر خوێدا دەبارێنێ (شەپۆل)

Dr.Saleh Ebrahimi



# سەرەتا

سپاس بۆ خوا کە یارمەتی دام سەبارەت بە راپەرینی حەزرەتی شێخ عوبەیدیلا غازی، **نەهری شاهی شەمزین** بناوی (حەزرەتی شیخ عوبەیدیلا نەهری) پەراوەیەکی ئاوابە زمانی کوردی بنوسم.

ئەبێ بزانن بۆ نوسینی ئەم کتێبە لە زۆر سەرچاوە کەڵکم وەرگرتووە، هەروەکو نوسراوەی دوکتور جەلیلی جەلیل بە عەرەبی بەشی (انتفاضةُالاکراد بقیادة عوبەیدیلا غازی) کە لەساڵی ١٨٨٠ زاینی لە بێروت چاپ بوە، مێژوی کوردو کوردستان ـی ئەمین زەکی‌و کوردو مەسەلەی کورد شاکر خەصباك، نوسراوەکانی قوریانسە شەلە، مێژوی جوغرافیای دارالسلطنەی تەورێز، مێژوی هەوشار، کوردو کوردستان: و. نیکتین‌و نوسراوەکانی مولك‌ئارا ونامەی دوکتورای جەنابی دوکتور سەیدعەزیز گەیلانی زادە(شەمزینی)و یاد داشتەکانی عەللامەی ناودار حاجی خەلیفە مەلامحەمەد (بەها) ئەمین حوزوری حەزرەتی شێخ‌عوبەیدیلاو شێخ عەبدولقادر ناودار بەغەوثی ثانی. هەروا بە پێویستی دەزانم لەسەروەرانی بەرێزو دڵسۆزم جەنابی صدیق حەیدەری‌و[1] حاجی میرزا ئەحمەد وەلیزادەو

---

١ ـ دوای تێشکانی کۆماری مەهاباد کەهەندێ لەکوردەکان رایان کردبوە عێراق‌و لەپاشان عەفودران دەستەیێ

Dr.Saleh Ebrahimi



جەنابی مەلافەتاحی ئەناهیدو کاکە رەحیمی شێرزاد و میرزا خەلیل خوسرەوی‌و میرزا ئیبراهیمی نانەوازادە: (ئیبراهیمیان) سپاس ودوعای بەخێریان بۆبکەم «رضوان اللّه علیهم» چونکا لە ساڵەکانی ٣٦ تا ١٣٤٠ی هەتاوی کەلەخانەقای نەهری بوم‌و لە شارە فەرهەنگ پەروەرەکەی مەهاباد پێکەوە بوین زۆریان تەشویق دەکردم کە لەبابەت خانەدانی ساداتی نەهری (قُدِّسَ سِرُّهُمْ)بنوسم‌و جار بەجاریش چریکەی راپەرینی رەسەنی حەزرەتی شێخ عوبەیدیلایان بۆ دەگێرامەوەو قسەیان لە بەیتی شێخ وچریکەی هەمزاغای مەنگورو راپەرینی مەلاخەلیل دەکرد، بەتایبەت ئەبێ یادی زاناو دۆستی دیرینم جەنابی میرزا حەسەن قزلجی بکەم کە لەساڵەکانی ١٣٥٨ی هەتاوی‌تاکۆچیدوایی، لەتاران زۆر پێکەوە بوین‌و لە ئەزمون‌و دەربەدەری خۆی‌و مێژوی بنەماڵەی ساداتی نەهری‌و مێژو یاراپەرینی گەورە رابەرانی کورد لە حەزرەتی شیخ عوبەیدیلاو ژەنرال پیشەوا بارزانی‌و شیخ‌سەعیدو سمکۆو شێخ مەحمودو ژەنرال ئیحسان نوری پاشاو پێشەواو... قسەی بۆ دەکردم‌و قسەیشی لێ نەدەبرا یادی بەخێر.

نوکتەی وردو جوان‌و عیرفانی لە١٣٦٦/٩/١٧ی هەتاوی جەنابی مەلا حەسەن ماجدی‌و مەلاسەید حەکیم‌و جەنابی مەلامحەمەد عەلائی ئەردەلان کە لەشاری سەقزەوە هاتبونە تاران، بۆشام میوانم بون‌و شەو لە زیمنی قسەکردندا جەنابی **مەلاحەسەن ماجدی** وتی: جەنابی مەلا مەجید بۆیی گێراینەوەو فەرموی: حاجی سەید حوسین قورەیشی بۆکان کە مریدی ماڵە بیارەیە رای‌گەیاند شەوێک لە خەونمدا دیتم هەورێک بە گرمە گرم‌و چەخماخە

لەوانە لەزستانی ١٣٢٩ی هەتاوی هاتنەوە ئێران ولەشاری سنە لەحوجرەکانی مزگەوتی پیرعومەران جێگایان پێ دابون، جەنابی صدیق حەیدەریشیان لە گەڵ‌بو، منیش لەوسەردەمەدا لەوێ لای مامۆستا مەلا مەجید ئوصولی دەم‌خوێند لەبەر رێبەندان‌و بەفر نەیان دەتوانی بگەرێنەوە شاری مەهابادو لەوێ قەتیس مابون رۆژێکیان ئەفسەرێک هات تاصدیق حەیدەری ببا بۆشارەوانی لەدەم پلیکانی دەروازەی حوجرەکان کە چاوی بەصدیق حەیدەری کەوت پێی‌وت: ئەم هەراو هوریانەتان بۆ ئەم شارە وێرانەبو، صدیق حەیدەریش وتی: ئاخر ئێوە وێرانتان کردوە ئەمانەویست لە ئێوەی بستێنینەوەو خۆمان ئاوەدانی بکەینەوە منیش ئافرینێ زۆرم بەومێرە جوامێرە نەترسە وت: (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



لێدان و شریخە شریخی بروسکە لەلای ماڵە ساداتی کرامی نەهری(قدس سرهم)هات تا گەیشتە ناچیت و هەروا دەهات تا هاتە سەر ماڵی عەلیاغا حاجی ئێلخانی و دایداو دوکەڵێ رەش هەستا، کاتێ لەخەو راچەنیم، کەم‌کەم خۆم ساز کردو چومە مالی عەلیـاغا کـە زۆر نـەخۆش بـوو نەخۆشیە کەیشی وەک خەڵک دەزانن زۆر کەسکون بو، پیم راگەیاندن کە شتێکی وام دیوە، دیارە دڵی سلطان العرفا: حاج سید عبدالله گیلانی زادە ت شکاندوەو ماڵە ساداتـی نـەهری تۆیان بەم دەردە موبتەلاکردوە، حاجی سەید حوسین فەرموی: برۆن دڵی شێخ چاک بکەنەوە، بەڵکو خوا شفای عەلیاغابدا، حاجی سەید حوسین هەروا رایگەیاند کۆڕی زیکریان لە تەوێلە بۆ گرت، لە کاتی گەرماو گەرمی دوعاو پارانەوە بۆ شفای عەلیاغا رۆحـی رەسـوڵلاً(د-خ) تەجەلای دە کردو نەی دەهێشت دوعاکان بۆ شفای عەلیاغا برۆنە سەرێ و قەبوڵ بن، لە بۆکانیش حەلقەی دوعاو پارانەوە بۆ شفای عەلیاغا لەو دەردە کەسکونە سازدرا، بێ فایدە بو، نـاچار عەلیاغا کورە کانی خۆی ناردە ماڵی حاجی سەید عەبدوڵلاو نامەیەکی لێ نوسیبو کـە لێـی خۆشبێ و دوعای شفای بۆبکا، حاجی سەید عەبدوڵلا زۆریان ریز لێ دە گرێ و دوعا بۆ عەلیاغا دە کاکە خوا رزگاری بکاو لەپشت پاکەتەکەیش، ئەم شیعرە فارسی‌یە دەنوسێ:

بمثل تخم قَطُنا است دل درویشـان

تا صحیح است دوا ور شکنی سم باشد

ئەم چریکە هەم جەنابی دوکتور هاشم شیرازی ئەو جوامێرە نەتەوە ویستە دڵسۆزە عەجیبەو هەم جەنابی دوکتور (**سیّد عبیدالله ایوبیان مەرکەزی برە ک**) بۆیان گێراومەتەوە، بەتایبەت دوکتور ئەیوبیان ئەو(مُحَقِّق)دڵسۆزە فەرهەنگ پەروەرە چەندین جار قسـەی لەوە کـردوەو ئەوشیعرەی خوێندۆتەوە. دیارە ئەمە شتێکی عـادی‌یە هـەروەک حـەزرەتی یـوسف دڵو دەرونی خۆی پاک و بێخەوش کردو خۆی لە گزی و فزی زلیخالادا یا هەروەک ابن سیرین -ی کورد خۆی لە تێکەڵ بون لەژنە گزیکارە کە رزگارکرد، خودایش روحمی بە هەردوکیان کرد، یوسفی گەیاندە پلەی بەرزی پاشایەتی میصرو مەقامی نبووەت و ابن سیرینیشی گەیاندە ئەو پلە لەواتا کردنی خەوندا کە لەدنیا دەنگیداوەتەوە، سلطان العرفا حاج سەید عـبداللـە گـەیلانی

Dr.Saleh Ebrahimi



زادەش هەروا بو، کەوتبوە بەر لوتفی خوای تەعالا.

ئەبێ بزانین پیاوانی خوا لەنێو یەکدا بۆیەک چاکو دڵ پاکبونو خۆبینیو بەد بینی لەنێویانداکەمتر بوەو زیاتر بیریان لای خوا بوە بۆ وێنە مەشهورەکە حەزرەتی سەید تاهای ئەوەڵ لە نەهری حەزی لە راو بوەو ئەم قسە دەگاتە حەزرەتی سراجەدین شێخ عوسمانی تەوێڵە(قُدِّسَ سِرُّهُم) نامەیەک لە سەید تاها دەنوسێو لەزیمنیشدا ئەم شیعرەی بۆ دەنوسێ:

شـــنیدەام کـــە سگـــانرا قـلادەمی‌بندی

چرا بـەگـردن عثمـان نـمی‌نهی رسـنی

ئەم شیعرە جەنابی عبّاس حەقیقی لە بۆکان بەدەسو خەتی خۆی بۆمنی نوسییەوە کە لە ۹ گولانی ساڵی ۱۳٦۸ی هەتاوی لە بۆکان لە ماڵی جەنابی حاجی ئیمام خەلیفەمەلائەحمەد ـی وەحیدی بوینو قسەی خۆشو یادی خواناسانی کورد ئەکرا.



سالنامەی نـور دانش سـال ۱۳۴۹ی هەتـاوی پـــەری ۷۸ و ۷۹ چـاپی تـاران بـەرانـبەری ۷۱-۱۹۷۰ زاینی و ۱۳۸۹ی مانگی.

محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل)

۲ ڕێـبەندان ـی ۱۳٦۵ هەتـاویو ۲۱ ژوئیە ۱۹۸۸ زاینی تاران.

Dr.Saleh Ebrahimi

Dr.Saleh Ebrahimi



# قوتبولعارفین

## حەزرەتی شێخ عوبەیدیلا نەهری شاهی شەمزین «قُدِّسَ سِرُّهُ»

کاتێ مرۆڤێکی گەورە دەناسین کە لە ژیانیا سەرکەو توانە ژیاوە، ڕۆحی ئەو لە دە رونمانا شوێن دائەنێو لە گەڵ ئەو دەژین و ژیانێکی سەر لەنوێ‌مان پێ ئەبەخشێ «شاندل دەفتەرە سەوزەکان» عارف‌و خواناسی ڕەببانی حەزرەتی شێخ عوبەیدیلا نەهری شاهی شەمزین «قُدِّسَ سِرُّهُ» نە وەک ئیمام موحەمەدی غەزالی و محی‌الدین عەرەبی، وەیان تەنانەت وەکو تاج‌العارفین ئەبو الوفای کورد، عارفێکی گەورەی مسوڵمانەو بەس کە تە نیاو تەنیا لە حاڵاتی عیرفانی بیر بکاتەوە و بە پێ گەیشتویی تاکی یا خاوێن کردنەوەی نەفس و دەرون پاکی خوی و چەن کەسێکی وەکو خۆی قنیات بکا ئیتر لەبەرەو پێش بردنی کۆڕو کۆمەڵو چاک کردنی کۆمەڵ غافڵ بمێنێ، وەلە زوڵم و زۆری حوکومەتی عوسمانی‌و قاجار، وەلە هێرشی دوژمنانی ئیسلام، ملهوڕی حکومەت و چەوساندنەوەی گەل، خەبەردار نەبێ، و نەوەک ئەبو موسلیم یا سەلاحەدین ئەیوبی، وەکە سایەتی گەلێکی وەکو ئەوانە کە لە مێژوی ئیسلامدا، تەنیا پیاوی شمشێرو دەسەڵات وسەرداری خەبات و دیفاع بن، کە تەنیا ڕێگای گۆڕانی بیروباوەر، پێوەندی کۆمەڵایەتی‌و پەروەردە کردنی مرۆڤ بە داسەپاندنی زۆرە ملێ و دەسەڵات پەیدا کردن بەسەر دژو دوژمن بزانێ، وە نەوەک ئەو زانایانە، کەوادەزانن وەزعی کۆمەڵی ئیسلامی هەر جۆر بێ، دەتوانن بە گوێرەی تەفسیرێکی زانستی ئەمرۆ، وە تەئویلاتی زانستی و مەنتیقی

Dr.Saleh Ebrahimi

Dr.Saleh Ebrahimi



سەدەی بیستەم، لە بیروراکانی ئیسلامی وە لە ئایاتی قورئانیو لێکۆلینەوەوپەرەدار بونی زانایانە، وە ورد بونەوەی فەیلەسوفانە، **ئیسلام زیندو بکەنەوە.**

حەزرەتی شێخ عوبەیدیلا **شاهی شەمزین** عارفو خوا ناس دەلێ: **ئەگەر زەمانە لەگەڵ تۆ نە سازێ تو بەرەنگاری زەمانە بە!** زەمانە یانی: چارەنوسی مرۆڤ، مرۆڤ بۆ خۆی شەپۆلە، ژیانی لە ئاڵو گۆردایە، بە واتایێ تر ژیانی ئینسان هەر بە واتای گۆڕانە ئاڵو گۆڕە، **بزوتنەوە و بەرەو پێش چونە.**

دروست عارفێکی گەورە، بە رۆحێکی خاوێنو بێخەوش وە لە هەمان کاتا زاتێکە، کە بۆ زانست و پێشکەوتنی **تەکنیک** و ئاوەزی بەرەی مرۆڤ، گەورەیی و **رێز دائەنێ**، حەزرەتی شێخ لە تێ روانینی خۆی بۆ ئەم جیهانە بەلازم دەزانێ نەک بەو مانایە کە هاوڕێیە، لە گەڵ ئەوینو هەستو ئیلهام وەئەم دو ئامانجە لە رێبازی بە کەماڵ گەیشتنی رۆحی مرۆڤدا پێکەوە بە هاورێ دەزانن.

حەزرەتی شێخ زاتێک بوە، کە **لەو** پەری وریایی و زانباریو کارزانی سەر دەمی خۆی بو.هەر بەم بۆنەوە برێک ئەویان تەنیا بە کەسایەتیەکی سیاسی و بە رێبەرێکی ئازادیخوازی نەتەوایەتی ودژی ملهور ودژی زوڵم ودژی چەوسانەوە لە سەدەی بیستەم ئەزانن،نەک عارفو خوا ناسێک. حەزرەتی شێخ لە سەیرو سلوکی عیرفانی خۆی لە گەڵ قورئان، بەم بنەرەتە واتا: گەیشتۆتە ئەساڵەتی کردە وەو بەرپرسیار بون لەمرۆڤدا واتە دژ بەو شتە جولاوەتەوە،کە ئۆمانیستەکان یائیگزیستانسیالستەکانو رادیکالیستەکان،تێ دە کۆشن بۆ بە پوچ زانینی ئایین و مەزهەب وئینکاری خودا تا مرۆڤ بەو رێگایەدا ببەن.

شێخ دڵێ: مرۆڤ تەنیا بە ئەویندار بون بەخوا یا بە چلە کێشانو خاوێن کردنەوەی دەرون یا بە تەزکیەی نەفسو بێخەوش راگرتنی گیان و لەش بە جێگایەک ناگا، چونکا مرۆڤ بە کۆمەڵ و ژیان و مادەوە، بەستراوە، وە ناتوانێ بە تەنیایی خۆی رزگار بکا،هەر تاکێکی مرۆڤ لە گەڵ کاروانی کۆمەڵدا، رێ دەپێوێ ورێگا دەبڕێ وەناتوانێ رێگای خۆی لە خەڵک جیا بکاتەوە.

حەزرەتی شێخ توانیویەتی بە گوێرەی تەواوی ئەو زانستانە کەبەپێی فەرهەنگی دەوڵەمەنی

Dr.Saleh Ebrahimi



ئیسلام پێی گەیشتوە، خۆی باربێنێ، وەئەمە گەورەترین سەرکەوتنە وەگەورەترین مەزنایەتی ئەو بوە لەسەدەی بیستەم لەکۆمەڵی ئێمەدا، ئەو زاتە، گەلو نەتەوەی چەوساوەی خۆی باش ناسیوە کە دەڵێ:

«کُرد سە حرف است جمع این همین = کاف کمال و راء رشد و دال دین. واتا: کورد ئەم سێ دروشمەیە: «کاف» بە واتای کە ماڵە، «را» بە واتای روشدو پێگەیشتنە «دال» بە واتای ئەقیدەو ئیدۆلۆژی و دینە» لام وایە هیچ رابەرێک واجوان نەتەوەی خۆی تاریف نەکردوە.

وە بۆ پارێزگاری کردن لەو راستە قینەیە و پارێزگاری کردن لە ستەم لێ چووانو چەوساوان هەروەکو شەهیدانی رێگای حەق و ئازادی رۆڵە ئازاو نەبەزەکانی خۆی یانی: حەزرەتی شێخ عبد القادر ناودار بە غەوثی ثانیو سەید محەمەدی، کردە قۆچی قوربانیو شەهیدی رێگای حەقو ئازادی وبە خوێنی پاکو زولاڵی خۆیو رۆڵەکانی، داری ئازادیو ئیسلامی ئاو داوە ئەو خوێنانە، حەرەکەتو راپەرینی لە شادەمارەکانی نەتەوەکەیدا، هێنایە جۆش وهێشتا ئەم راپەرینە بەردەوامەو نەوەستاوە، تا رزگار بون درێژەی ئەبێ.

ناڵێم ئەو زاتە کاملی کامیلە، نا ناڵێم ئەو زاتە کەسایەتێکی سومبلی سومبلە، نا ئەو زاتە کە سایەتێکە، لە دوای تیا چونی کە سایەتی یەکی موسڵمانی تەواو، وەتیا چونی کە سایەتی کاملی ئیسلامی، دوبارە لە سەتەی بیستەمدا بوژاوەتەوە، وەئەم بوژانەوە سەرەتای کارە، کە ئێمە بە ناوی روناک بیرانی کورد، گەورەترینی بەرپرسیمان لە ساز دانی خۆمانداو هەروا لە ساز دانی کۆڕو کۆمەڵدا گرتۆتە ئەستۆو ئەبێ هەست بەم بەرپرسیاری یە بکەین.

بۆ یەکەمجار ئەو بو کە تۆمی ئەم راپەرینەی چاند و ئەم میوە شیرینە لەهەمان کاتی تاڵێدا، یەک سەر مەشقە وبۆ ئێمە زۆر دڵ بزوێنو دڵ لاوین وهۆی گەشە وراپەرینە ئێمە بەناوی خەڵکی خۆرهەلات وبەناوی کوردو نیشتە جێبون لەم نوختە لەم زەوی یە و بە ناوی وابەستە بەم مێژوەو بە ناوی مرۆڤێک لە بەرانبەری سروشت و خۆرسکداو بەناوی مرۆڤێک لەبەرانبەر دوژمنان، بە تایبەت دژو دوژمناتی ئیسلام و قورئان و کوردو کوردستان لەو زاتە گەورە دەرسو پەند وەربگرینو راپەڕین تا سەرکەوین.

Dr.Saleh Ebrahimi



ڕستە گەلێ هەن کە بەوێنەی دروشم ناویان دەرکردوەو بەناوی شا بەیتی قدسیدەو قسە ناودارن بنوارِنە ئەم ئایەتە شەریفە: «فَبَشِّرْ عِبادِ الذِینَ یَسْتمعونَ القولَ فَیَتَّبِعونَ اَحْسَنَهُ ـ سورەی زمر ئایەتی ١٧» کە ئەم ئایەتە ئازادیخوازی مُسوڵمانان وهەڵ بژاردنی ئەوانە لە مەسائیلی جیا جیا بەچاکی نیشان ئەدا، ئەوانەی حەق خوازن وتینوی قسەی چاکن کە لە نێوان چاکدا چاکتر و باشتر هەڵ دەبژێرن بە کورتی: ئەوانەی کە داخوازی باشترو بەرزو تەڕز ترن.

بیر لەم شا بەیت و قسە بەرزەی حەزرەتی شێخ شاهی شەمزین بکەنەوە:

حەزرەتی شێخ کە **٢٢٢** کەس لە سەرداران‌و سەرۆک هۆزە کانی کوردەواری وەک هەمزاغای مەنگورو عەلیاغای بدلیسی وخەلیفە سەلیم‌و... لەخزمەتا بو: لە فتوایە کدا فەرموی:

کەس ماف‌و حەقی ئەوەی بۆنیە دەس بۆ ماڵ‌و دارایی و ناموسی برا ئەرمەنی و مەسیحی‌و نەستوریە کان درێژ بکا، چونکا ئەوانە ئەگەر مسولمانیش نەبن وەکو ئێمە ئینسانن و لە ئینسان بونا وەکو ئێمە مافی بەرانبەرو حەقی ژیان وژین‌یان بۆ هەیە وەهەروا خوا لە سورەی ئیسرا ئایەتی ٧٠ فەرمویەتی: (وَلَقَدْ کَرَّمْنَا بَنِی آدَم...) مافی کەرامەت و مافی ئازادی مەعقول بۆ هەمو مرۆڤێکە خواتەنانەت مافی کەرامەتی ئیکتیسسابی بە مرۆڤ داوە کە فەرمویەتی: یا اَیُّها النّاسُ اِنّا خَلَقْناکُمْ مِنْ ذکرٍ وَاُنْثیٰ وَجَعَلْناکُمْ شُعُوباً و قبائلَ لِتعارَفُوا اِنَّ اَکْرَمَکُمْ عِنْدَاللّٰهِ اَتْقیٰکُمْ «حجرات ١٣» ئەم کەرامەتە دووەمە کەرامەتی بایەخی و نرخاندنە کە خوا لەم ئایەتەدا فەرمویەتی، کە وابو مافی ژیان مافی کەرامەت‌و مافی ئازادی مەعقول بۆ هەمو کەسە وە ئێمە کە پەیرەوی قورئان‌و موسوڵمانین بە پیێ قورئان دەبێ لە ئیسلام‌و موسوڵمانان و چەساوان و ستەم لێکراوان وکورد دیفاع بکەین‌و دەسی حاکمانی تورکی ستەمکاری عوسمانی‌و ڕیشەی زوڵم وزاڵمان لەبن دەربێنین نەک خۆمان ستەم بکەین وهۆی بەد ناوی بۆ خۆمان بەدی بێنین. دیارە ئەگەر مرۆڤ ئاوابیربکاتەوە گورگ‌و مەر پێکەوە ئاو دەخۆنەوە[1].

---

١ ـ ئەم مەبەستەلە روناکی ئورگانی حزب‌الله شۆرشگیری کورد ژمارە ٢ ساڵی یەکەم ١٩٩٢/٤/١٧ زاینی بەقەڵەمی (شەپۆل) چاپ کراوە.

Dr.Saleh Ebrahimi



# شێعر

ئەی خوداوەندا تو عیززومەن تە شائی بێ ژومار
چۆن بەدەستی خۆتە دەستوری لەیل و نەهار
مە تلەعی نەجمی مەقامی خانەدانی نەهریە
واله ئەوجی بورجی هەفتوم پەرتەوی پەروەردگار
سێبەری لوتفی خودان و گەوهەری بە حری کەرەم
لۆلوئی نەسلی «محمّد(ص)» ئەشرە فووالا تەبار
گەردەپرسی جێی تەمەسوک خانەقا زۆرن وەلێ
جێی بە قانین، بێ بەقا بە غەیری شەمزین هۆشدار
بێرە سەر جادەی شەریعەت لا له سەر جادەی درۆ
من سیراتە لموستەقیمت پێ بڵێم: ئەی بەختیار
عوروە تولوثقا، ئەوان، حەبلولمەتین جێی ئیعتسام
ریشتەی شاهانی شەمزین بێ شکە جێی ئیفتیخار
یەک بە یەک تائینقرازی عالەم ئەو بەهرەی هەیە
بێ تەفاوەت، ذو سەعادەت،ئەمجەدوخاوەن تەبار
شەمعی جەمعی میللەت وزوئی چرای دینی نەبی
پەیڕەوی ڕێی حەق بەسیدق و راستی فەرمانگوزار
ئافتابی فەوقی خەلقی شوعلەوەر، بۆخاس و عام
دەستگیری کەوتووان و پشتیوانی کردگار
شارەزای، نوری هیدایەت لابەری کوفرو زەلال
راگری ڕێگەی حەقیقەت رادەری هەر عەیب و عار

Dr.Saleh Ebrahimi




بەرقی شه مشێری، وجودی جه وهەری، تێغی دەبان
حەیدە رئاسا، حاجی سەیید، بوعەدو، وەک زولفەقار
ڕۆژی هەی هات وتە کاپۆ، شێری، مەیدانی، خودا
دافیعی ئەندامی دوژمن، سەر بڕی زیمی و کوفار
**ئەفزە لولئە سمایە عەبدولاّ بە ئیسمی ئەو بووە**
**ئیسمەن و جیسمەن موزافی حەق بە رەحمی گردگار**
تەکیە گاهومەنزڵ و شام و سەحەر، کەهفی گەدا
ئاستانەی، دەرکی پاکی مەئمەنی ئەهلی فەرار
زەرەێ شوعلەی شەفافی شە وکەتی شە مس وقەمەر
رەشحەی بەحری مەعانی ئە وعلومی ئەسناعەشەر
خاتەمی خاتەم لە خەیزەر خاتەمی شازادە گان
وەکسولەیمانە نگینی گەرهەبێ بۆئیقتیدار
عیلم وحیلمی بێ حیسابە حەدّی مەعلومەی نییە
**بەحری بێ پەی کێ دەزانێ پڕلە دوڕی شاهوار**
دەرسی تەهزیب ومە واهیب جەدّی ئەوتەقریری کرد
ئایەت وئەحکامی شەرعی جەدی کردی ئیتیشار
**بەندی دین و باغی ئیمان جەدی ئەوتەعمیری کرد**
**زوڵمەتوو بوتلانی لادا حەق بەوی بوئوستوار**
جادوڕێ دە ربێ لە دورجی گەنجی مەحزی لایەزال
یاسە دەف بێتو لە بەحری مەعریفەت لەیل و نەهار
چۆن بەشەر دەم لێ ئەدا بۆعە دّی ئەوسافی ئەوی
شێتە هەر کەس لێوبزێوێ یا قەڵەم خۆخاتە کار

Dr.Saleh Ebrahimi

Dr.Saleh Ebrahimi



یــا ئــیلاهی حــاجی ســەیید زڵــی ژیــنی عــالەمە
تــا ئــەبەد دڵشــاد و ســالم، بــیٚ بــەلاو و بــەرقەرار
من کـه شـەخسێکم غـەریقی نـەهری جـورمم نەهرییـان
گــۆشەیی چــاوت لەمــن بــیٚ بــۆدە لیــل و ئیعتیبــار
(شــەپۆلا) دەس هــەڵینەرو کــه دەرکــی ئــاسمان
بــێژە رەببی تــۆ کــەریمیو مــن فــەقیرو بورِدبــار[1]




١ ـ له ١٣٣٧/٧/٣ هەتاوی ئەم شیعرانەم لەپەسەندی ساداتی کرامی نَهْری شاهانی شـەمزین«قدس سرهم» دانـاوه (شەپۆل)

Dr.Saleh Ebrahimi

Dr.Saleh Ebrahimi



# راپەڕینی شێخ عوبەیدیللا نەهری شاهی شەمزین

شێخ کە لە جەنگیساڵی ١٨٧٧/٧٨ی زایینی و ڕێکەوتی ٥٧و ١٢٥٦ی هەتاوی نێوان تورکی عوسمانی و روسی تەزاری بەشدا بوو، حەزرەتی شێخ لە بایەزید، روسی تێ‌شکاندو لە هەمان کاتدا دەی‌ویست بیرو رای دەوڵەتی بەریتانیا بۆ لای خۆی رابکێشێ تا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەر بە خۆی کوردستان یارمەتی بدرێ.

لەم لاشەوە کە لە ساڵی ١٢١٥ی هەتاوی و ١٨٣٦ی زایینی شا محەمەدی قاجار باوکی ناسرەدین شای قاجار ٥ ئاوەدانی لە هەرێمی مەرگەوەر بە حەزرەتی سەیید تاهای باوکی شێخ عوبەیدیللادا بوو، تا خەرجی تەکیەو خانەقای بکا، ناسرەدین شای قاجار خەریک بوو لێی بستێنێتەوە.

شێخ کە بۆ ئازادی کوردستان لەگەڵ شەریفی مەکەو خدیوی میسر قسەی کردبوو، هەروەها پیاویشی ناردبووە لای کونسولی روس لە ئەرزەروم و شاری وان. وە هەندێ چەک و چۆلیشی بە دەست هێنا بوو، بۆ ئەوەی بەری زوڵم و دەس‌درێژی ناسرەدین شای قاجاری ئێران بگرێ، هەمزاغای مەنگور و شێخ عەبدولقادری کوڕی خۆی دەنێرێتە، مەرگەوەر، محەمەد ئاغای مامەش و بیوک خانی سەرۆکی قەرەپاپاخەکانی سندوس، دەچنە نێو لەشکری شێخ و یارمەتی ئەو. رۆژی ٢٨ی سپتامبری ١٨٨٠و ١٢٥٩/٧/٦ی هەتاوی حاکمی سابلاغ کە بەوە دەزانێ لە ترسا بەرەو میاندواو رادەکاو هەڵدێ، ئیتر لەشکری کورد، بەرابەری شێخ بێ هیچ کەندو کۆسپێک دێنە شاری مەهابادی (سابڵاغ) موکری‌و لە لایەن شێخ عەبدولقادر ناودار بە غەوسی سانی خانباباخان کوڕی مەجید خان دەکرێتە حاکمی مەهاباد. ئەوسا «میری بەگ بەردەسور» خاڵی شێخ بە دوسەت سوارەوە بەرەو میاندواو دەهاژۆن، کە خاڵی شێخ بە دەستی سەلیمخان چاردۆلی (چارداورو) لە شەڕدا دەکوژرێ، شێخ بە لەشکرێ زۆرەوە لە مەنگوڕ، مامەش، پیران، گەورک، زەرزا، رەمەک، فیزوڵڵا بەگی، دێبوکری و بەگزادەکانەوە بە نۆ هەزار سوار و هەشت هەزار پیادەو دە هەزار کەسی دیکە کە لەگەڵ سپای شێخ کەوتبوون، هەڵی کوتیە، سەر میاندواو. لە رۆژی ٢ ئوکتۆبری ١٨٨٠ و ١٢٥٩/٧/١٠ی هەتاوی میانداوی گرتە دەست.

Dr.Saleh Ebrahimi



بۆ ڕۆژی ١٠ی ئۆکتوبر و ١٢٥٩/٧/١٨ بەرەو بناو ئاژۆتن، لەو سەردەمەی دا کە هەمزاغاو شێخ عەبدولقادر کە میاندواو، مەلکەندی (مەلیکانی ئەمڕۆ)ی گرتبوو، لە بیر گرتنی بناو، تەوریز دا بوون، حەزرەتی شێخ عوبەیدیللا بەرەیەکی تازەی لە ڕۆژاوای دەریاچەی ورمێ کردبۆوە، وە بۆ کردنەوەی ئەم بەرە تازە لە ١٣ی ئوکتۆبری ١٨٨٠ و ١٢٥٩/٧/٢١ شێخ یەکێ لە خەلیفەکانی خۆی بەناوی شێخ محەمەد سەعید لەگەڵ چوار هەزار تفەنگ بە دەست لە برادۆستەوە دەنێرێتە ورمێ.

شێخ محەمەد سەعید لە قەڵای سمایل ئاغادا (گوندێ لە گوندەکانی نازلویی ورمێ لە ١٨ کیلۆمیتری ڕۆژاوای ورمێ کە بەناوی باپیرەی سمکۆی مەزن ناونراوە)، لەشکر دادەمەزرێنێ، خودی شێخ لە ٢٠ ی ئوکتۆبری ١٨٨٠ بە سێ هەزار سوارو و پیادەوە لە هۆزی هەرکی، زەرزاو دەشتەبیل لە مەرگەوەڕەوە دێتە باراندوز و لەوێوە بۆ ئاوایی سێرۆ، لەوێشەوە بۆ (سن سرکیس) و لە باشوری ورمێ لەشکر دادەمەزرێنێ، شێخ محەمەد سەعیدیش لە قەڵای سمایل ئاغاوە دێ و بە لەشکری شێخەوە دەلکێ و بە مجۆرە حەوت هەزار کەس دەوری ورمێ دەگرن. شێخ داوا لە خەڵکی ورمێ دەکا بێ شەڕ خۆ بدەن بەدەستەوە. بەڵام خەڵک فێڵ دەکەن و لەو ماوەی چەند ڕۆژەداکە شێخ فرسەتی پێ دابوون، دەنێرن تا ئیقباڵ دەولە بێتەوە شار، ئەویش بەرەو ورمێ دەگەڕێتەوە، لەم لاشەوە شێخ محەمەد سدێق (شێخ پوشۆ) بە دە هەزار سوارەوە دەنێرێتە سەر ڕێگای ئیقبال دەولەو ڕەزا بەگیش دەنێرێ تا ورمێ بگرێ. شێخ پوشۆ لەگوندی (گسجین یەکێ لەگوندەکانی ڕەوزەچای ورمێ، چاوەڕوانی ئیقبال دەولە دەبێ. بەڵام ئیقبال دەولە کە دەزانێ سەر ڕێگایان لێ گرتووە، ڕێگا خوار دەکاتەوەو لە شوێنێ دیکەوە خۆ دەگەینێتە شاری ورمێ. لە ٢٣ی ئوکتۆبری ١٨٨٠ کە دەچێتەوە شار، خەڵک خر دەکاتەوەو سەنگەر بەندی دەکاو ٥ کەس لە ئاخوند و ریش سپی شار و کونسولی ئینگلیس دەنێرێتە لای شێخ تا ٢ ڕۆژی دیکەیان دەرەتان پێ بدا. بەڵام شێخ کە لە فڕو فێڵیان گەیی بوو، مۆڵەتی پێ نەدان، لە دەمەو ڕۆژا وا هێرشی کردە سەر شاری ورمێ. جا دوای شەڕ و شۆڕی زیاد، لە ڕۆژی ٤ی نوامبری ١٨٨٠ و ١٢٥٩/٨/١٣ شێخ هەواڵی پێ گەیی کە تەیمور پاشاخانی ماکۆ (مادکۆ) بە شەشهەزار کەسەوە گەیشتۆتە قوشچی کە لەوێشەوە بۆ شاری ورمێ، شێخ بۆ ئەوەی بەری تەیمور

Dr.Saleh Ebrahimi



پاشاخان بگریّ، بەرەو قەلاّی سمایلاغا لەشکری ئاژۆت و شەرِیّ زۆر باشی کرد و باری سی وشتری قورخانە لە تەیمور پاشاخان گرت و لە پرِ هەواڵی پیّ گەیی کە ئیعتیمادودەولە بە شەشهەزار پیادەو دو هەزار سوارەوە لە سەرەتای نوامبر لە تەوریّزەوە بۆ ورمیّ و پیّنسەد سواریش لە بناوەوە بەرەو سابلاغ دیّن، هەروەها لە تەوریّزەوە پیّنسەد سواری شاسەوەن بۆ یارمەتی سپای قاجار هاتون و لەسەر ریّگا هەرکەسیان گیر کەوتبوو، کوشتبوویان و ماڵی خەڵکیان تالاّن کردبوو و گوندەکانیان ئاگر دابوو و ماڵی خەڵکی بیّ کەسیان ویّران کردبوو، لە ئاکاما شیّخ عەبدولقادرو هەمزاغا لە راست ئەو درِندەو وەحشیانەدا بەناچار بەرەو شاری شنۆ دەگەرِیّنەوە. لەشکری قاجار لە سابلاغ (حاجی سەدر دەولە) دەکەنە حاکمی سابلاغ. قوریانسەشەلەی ئەرمەنی کە لە سابلاغ بووەو زمانی فەرانسەشی زانیوە و رۆژانە هەواڵی شەرِی بۆ ناسرەدین شای قاجار نووسیوەو نووسراوەکانی بە ویّنەی پەراویلکەیەک لە نیّو دوتۆی کتیّبی داروسەڵتەنەی تەوریّز چاپ بووە، بیّ پەردە باسی درِندەیی و بیّ رەحمی سپای قاجار دەکا، کە چەند نامرۆڤانە پەلاماری ماڵ و ناموسی خەڵکی مەزلوم و بیّ تاوان و بیّ دەسەلاّتی کوردی موکری دەدەن و گوندەکان و ماڵی خەڵکی موسڵمان ویّران دەکەن و ئاگر لە ماڵی کوردان بەردەدەن و تالاّنیان دەکەن و خەڵک دەکوژن وکوردی بیّ دەرەتان ئاوارەی هەندەران دەکەن، هەروەک ئەمرِۆکە لە ١٩٨٤ەوە تا ئیّستاو پیّش لەم سەردەمە لە ئیّران و عیّراق و تورکیەو سوریە دەستیان داوەتە کوردە قران و دەرکردنی کورد و کوشت و برین و گوند سوتاندن و تالاّن کردنی کوردان، وەکەسیش لە سەریان وە جواب نایێ و قسەی دابین کردنی مافی مرۆڤیش بیّ کەڵکەو تورکیەو حوکومەتە زالمەکان،گویّی پیّ نادەن، مەگەر خوا خۆی یارمەتیمان بداو لە دەست زالـمان رزگارمان بکاو ئازاد بین. کورد خۆیشی دەمی ناوەتە نیّو خویّنی خۆی و بیّگانە پەرەستی دەکا، لەوەتی لە بیرمان دیّ، هەروا بووە و هەروا دەبیّ. داوامان لە خوایە خۆی هۆی رزگاریمان بۆ ساز بدا، دیارەسازیشی دەدا، نیّزیکە باغی ئاواتی کوردیش بیّتە بەر. ئیّمە بە پیّی قورئان و سوونەتی تاریخی تیّبینیمان کردووە کە کورد دەولەتی سەر بە خۆی دەبیّ، لەم چەند ساڵەدا.

با بگەرِیّنەوە سەر خەت، حاجی سەدرودەولە حاکمی شاری سابلاّغ (مەهاباد)ی موکری، دەڵیّ: مەگەر فەرمانی شای قاجارە کە ئەم کوردە بیّ دەرەتانە

Dr.Saleh Ebrahimi



ئاوا ماڵی تالاّن بکرێ و بکوژرێ و دێهاتەکەی بسوتێنرێ و خەڵکەکەی ئاوارەی هەندەران بکرێ. من کە ئێستا بە نێو حاکمی سابلاّغم، تەنانەت یەک گیان لەبەری تێدا نەماوە، کەسی تێدا نەماوە، خانوەکانی هەموو لارو خاوەو بووەتە کەلاوا، ئیتر من بەسەر کێ دا حوکومەت بکەم، دوێنێ هەندێ لە فەرماندەکان دەستیان بۆ لای چەند گوند درێژ دەکرد، لە نێو ئاگر و چڕە دوکەڵ دا، دەسوتا، دەیانوت: ئـەمە چراخانی و شایی و لۆغانەی شاو حوکومەتی قاجارە، منیش لە شەرمان غەرقی ئارەق ببووم. ئێران کە زانی حاجی سەدر دەولە، دڵ نەرمە لایان بـردو حـەسەن عەلیخان ئەمیر نیزامی گەروسیان لە جێ دانا. وەک دەڵێن: کورد کورد دەکوژێ، ئەم کوردە زاڵمە دەستی دایە کوژتنی هەمزاغاو ئاغاکان بە وێنەی خەیانەت و سوێندی بە درۆخواردن بۆیان. حەزرەتی شێخ عوبەیدیللاّ شاهی شەمزین مەلیک غـازی چەند جار هێرشی کردە سـەر هـێزی تـەیمور پـاشاخان، بـەلاّم چـون لەم لاوە سابلاّغی لە دەستا نەمابوو و هێزی ئەوانیش زۆرتر بوون، ناچار شێخ لەشکری خۆی لە رۆژی هەینی ١٢ نوامبری ١٨٨٠ و ١٢٥٩/٨/٢٩ بەرەو کوردستانی ژێر دەستی تورکیە کێشایەوە. جا لەشکری ئێران ئەوەندەی دیکە کەوتنە راوە روتـی خەڵکی کورد و ئاوارە کردنی ئەوان. دوای هەشت مانگ لە ٢٩ی ژوئەنی ١٨٨١ی زایینی عەلائودەوڵە ئەمیر نیزام لە تەورێزەوە هاتە هەرێمی کوردەواری و لە لای لاجان چاوی بە محەمەداغای مامەش کەوت و دوای خۆش و بێش کردن، تەواوی ئەو هەرێمەی دایە دەست محەمەداغای مامەش و دەستوری بـە مـحەمەداغـادا زیندە یا بە مردویی هەمزاغای مەنگوڕی بۆ بگرێ و خۆیشی لە ١٥ی ژوئیە چووە شاری ورمێ.

ئەمیر نیزامی گەروسیش کە حاکمی سابلاغ (مەهاباد)ی موکری بوو، هـەی چاوە چاوی بوو کە بە هەر فڕو فێڵ و کەڵەکێک بۆیی بوز بخوا، هەمزاغا لە نـێو بەرێ.

ئەمیر نیزام گەروسی کە لە ١٢٩٧ی مانگی بووە حاکمی سابلاغ (شـاهیندژ سایەنقەلا:ئەوکان) کە لە دوایی دا ورمێ و خۆیشی پـێوە لکـێندرا. ئـەمیر نـیزام گەروسی کە دەیزانی هەمزاغا نێوانی لەگەڵ قاسمی قازی زۆر خۆشە، بۆ فریودان بە قاسمی قازی وت: لە هەمزاغا زوڵم کراوە تۆ بڕۆ بـەڵکو ئـاشتی بکـەیتەوەوبە خەتی خۆیشی بۆی نوسیبوو کە بیکاتە حاکمی سـابلاغ، هـەمزاغـا لە وەلاّمـدا

Dr.Saleh Ebrahimi



وتبوی چون کوردە، دەکرێ باوەڕی پێ بکەم، بەلاّم دەبێ پشتی قورئانم بۆ مۆر بکا. ئەمیر نیزامیش لەپشی قورئان بۆی دەنوسێ: (تا رۆحی من لەم دنیا بێ و زیندو بم لەگەڵ تۆم و دەتپارێزم، ئەگەر پێویستیش بێ، خۆم فیدات دەکەم، مۆری کردو بۆی نارد. سوارە برازای هەمزاغا دەڵێ: قوربان باوەڕ مەکە، ئەمیر نیزام باوکی خۆی کوشتوە، بۆ باوەڕ نابێ. هەمزاغا دەڵێ وا دیارە دەترسی، سوارەش دەڵێ دیارە منت بەگەنج و ترسەنۆک دێتە بەرچاو، ئەوا منیش لەگەڵت دێم، ئەگەر بشکوژرێم. قورئان ماچ دەکەن، بەرەو سابلاغ دەڕۆن و لە پشت کێوی علیاباد (لە باشوری رۆژاوای پادەگانی ئێستای مەهاباد رادەوەستن و لەگەڵ چەند سوار بەرەو باغی شێخ لە باشوری مەهاباد کە ئێستا تیا چووە، وە لە چوار رێگای مەولەوی تا پشت مەیدانی حەیوانی ئەمڕۆی شار، دێنەخوارێ و دەچنە باغی شێخ و لە دورەوە چادرو سەربازی حوکومەت دەبینن. سوارە دەڵێ: قوربان با نەچین، بەڵکو حاکم خۆی بێ و لێرە قسەی خۆمان بکەین، هەمزاغا دەڵێ لە سەربازی برسی و سیس و پیسی مردەلۆخەی ئەوان بترسین، رکێف لە ئەسپ ئەداو یەکسەر دەچێتە نێو باغی شێخ و دادەبەزێ. حاکم دەستور دەدا هەر کاتێ دوای چاک و خۆشی لەگەڵ هەمزاغاو هاوڕێکانی لەو چادرەوە چومە چادرەکەی دیکە، کە ژێر زەوی یەکم لێ هەڵکەندووە، ئێوە بێ بەزەیی یانە دەستڕێژ لە هەمزاغاو هاوڕێکانی بکەن و بیان کوژن، حاکم لەکاتی خۆیدا بە فێڵ دەڕواو دەچێتە ئەو ژێر زەوی یەو لە نێو چالدا خۆی حەشار دەدا، سەرەنجام هەمزاغاو هاوڕێکانی بەو فێڵو داوە کە بۆیان نابونەوە شەهید دەکرێن وسەری هەمزاغا بە دیاری بۆ شا دەنێرێتە تاران، دوای ساڵێک حاج سەییاح دێتە سابلاغو دەچێتە سەر قەبری هەمزاغا، ئەم سەفەرە لە ژوئیەی ۱۸۸۲ روی داوەو هەمزاغا لە سپتامبری ۱۸۸۱ی زایینی و شەوالی ۱۲۹۸ی مانگی و خەرمانانی ۱۲۶۰ی هەتاوی ۲۴۹۳ی کوردی شەهید کراوە، هەروەک دەڵێن: جلک و لیباسەکانی هەمزاغا لە گوندی بستام بەگ هێمان راگیر دراوە.

دوای گوژرانی هەمزاغا، حەزرەتی شێخ عوبەیدیلا نەهری زۆر کۆشا تا جارێکی دیکە بە دژی ئێران و شای قاجار ئاگری راپەڕین هەڵایسێنێتەوە، شای قاجار بە پشتیوانی روس و ئینگلیس، زۆریان بۆ دەوڵەتی عوسمانیی هێنا، تا شێخیان گرت و لە جولای ۱۸۸۲ لە ئەستەنبول شێخیان خستە زیندان، هەرچەند

Dr.Saleh Ebrahimi



شێخ خۆی لە زیندان رزگار کردو خۆی گەیاندەوە کوردستان، بەڵام دووبارە لە ئاخری ئۆکتوبری ١٨٨٢ دا گیراو برا موسڵ و لە ئاخری ١٨٨٣ دا ناردیانە ئیسکەندەرون و لەوێشەوە بۆ بیروت و لەوێشەوە بۆ شاری مەکەو شاری تایف، لە ساڵی ١٨٨٣ وەفاتی کرد.

مارتین وان برۆنس لە پەڕەی ٣٢٢٨ کتێبی نەخشی (شێخ، ئاغاو دەوڵەت لە ژیانی کۆمەڵایەتی و رامیاری خەڵکی کوردستان چاپی ١٩٧٨ز - هولەند) لە بابەت راپەڕینی شێخ عوبەیدیلا ئاوا دەنوسی: لە ساڵی ١٨٨٠ ی زاینی شێخ عوبەیدللا رابەرایەتی راپەڕینێکی پەرەداری بۆ کوردان لە کوردستانی ناوەندی داگرتبووە ئەستۆ، ئەم راپەڕینە لەسەرەتاوە دژی حوکومەتی ئێران و لە دواییدا بوو بە هۆ بۆ دامەزراندنی حوکومەتێکی کوردی سەر بە خۆ، کە پاتەختەکەی موسڵ بێ، باری ئەو دەمەی نێوگەلانیش وابووکە سازدانی حوکومەتێکی کوردی سەر بە خۆ ئەشێ و شیاوە.

لە شەڕی ساڵی ١٨٧٨و ١٨٧٧ داکە تورکی عوسمانی بە دەس روسەوە گیری خوارد بوو، کز و لاواز ببوو، وای پێ باشبوو کە دەوڵەتێکی کورد پێک بێ تا لە نێوان هەرێمی نفوزی ئینگلیس و عوسمانی دا ببێتە سپەرو قەلغان و هەروەها ببێتە پشتیوانی تورکی عوسمانی، لە شەڕو ئاژاوەی روسیەوە دارو دەستەی مەسیحی شای عوسمانی بپارێزن،لە ئاسیادا. زۆربەی مەسیحی یەکان لەو سەردەمەدا هاتبوونە کوردستان.

لە حەکاری دا شێخ عوبەیدیلا و مارشەمعون (رابەری نەستوری یەکان) جۆرێ حوکومەتی هاوبەشیان سازدا بووکە لە دەسەلاتی تورکی عوسمانی دوور بوون. جا دوای ئەوەی مەڵبەندی دیفاعی بەریتانیاو عوسمانی دیاری کرا. شێخ عوبەیدیلا زۆر تێکۆشا تا بەڵکو بە پشتیوانی بەریتانیا دەوڵەتێکی کوردی بە رابەرایەتی خۆی بەدیبهێنێ، بۆ ئەم کارەش مارشەمعون وکەشەکانی ئەرمەنی و میسیونرەکانی ئەمریکایی کە لە ورمێ بوون، کردبووە واسیتە. ئەو زوڵم وزۆروێژیەی کە لەو زەمانەوە لە کوردان دەکراو دەکرێ، میسیۆنێرەکانی ئەمریکایی جوان و زۆر بە باشی تێگەیشتبوون و دەیانزانی، بەڕاستی ئێران و عوسمانی زۆر بێروحمانە لەگەڵ کورد دەجولێنەوەو زوڵمیان لە کورد کردووەو کورد بێروحمانە ئازار دەدەن و دەیانکوژن. شێخ لەوزەمانەدا زۆر ژیرانە

Dr.Saleh Ebrahimi



راپەڕیوەو زانیویەتی، چون هەستێ و دانیشێ. جا هەر لەبەر ئەو زیرەکی یە بوو کە لە بەرا پەلاماری ئێرانی داوە، چۆنکە قاجاری ئێران کزتر بوو، تا شایەد سەرنجی عوسمانیش بۆ لای خۆی رابکێشێ و هۆی سەرکەوت و دامەزراندنی حوکومەتی کوردی بەدەست بێنێ.

لە مانگی ئوکتۆبری ۱۸۸۰ حەزرەتی شێخ پیاوی چەکداری خۆی نارده نێو برا نەستوری یەکان کە بۆ جەنگی حەکاری ئامادە بوون، لە ریگای کوردستانی ئێرانیشەوە، نوێنەرانی هۆزە کوردەکان: (مامەش، مەنگوڕ، زەرزا، گەورک، بانە، هەرکی و بەگزادەو... زۆر بە پەلەو بە لەز لکان بە راپەڕینێ شێخەوە، پازدە هەزار جەنگاوەری کوردی چەکدار و بە هێز لە ژێر فەرمانی شێخ عەبدولقادر ناودار بەغەوسی سانی، شاری سابلاغیان گرت، حەزرەتی شێخیش بە هەشت هەزار کەسەوە دەورەی ورمێ یان گرت.

بەلام بە جاسوسی کردنی روسیە بە دژی راپەڕینی کوردو کلک تێوەردان بە سودی ناسرەدین شای قاجاری ئێران، وەکەلک وەرگرتن لە شێوەی پێشو، روس و ئێران و تورکی عوسمانی کوردیان بە دژی راپەڕین هانداو ئەو سێیانەش خۆیان لە کورد مەلاز داو سەرەنجام کورد و راپەڕینیان لە نێو برد.

محەمەد شای قاجار کە خەجیجەخانم خوشکی یەحیاخان جهریق دێنێ و مارەی دەکا، لەم ژنە کوردە کوڕێکی دەبێ لە سالی ۱۲۵۵ی مانگی و ناوی دەنێ عەبباس میرزا کە بە مولک ئارا ناودارە، خاندانی خەجیجە خانم مەنسوب و مریدی حەزرەتی سەیید تاها، خەلیفەی حەزرەتی مەولانا خالید شارەزوری نەخشبەندی بووە، ئەم خانمە شوێنی لەسەر محەمەد شا داناوەو ئەمیش ئیرادەتی بە حەزرەتی سەیید تاهای نەهری شاهی شەمزین پەیداکردووە و بە کردەوەش لە خزمەت مالە نەهری دا بووە. جا کاتێ حەزرەتی سەیید تاها وەفات دەکاو حەزرەتی شێخ عوبەیدیلا دەبێتە جێ‌نشینی باوکی، ناسرەدین شا کە ۸ سال لە مولک ئارا گەورەتر بووە و مەهد عولیای دایکی کە رقیان لە خەجیجە خانم و مولک ئارا بووە، هەم دەیانویست زەربە لە مولک‌ئارا بدەن وهەم مولک و مالی شێخ عوبەیدیلا داگیر بکەن، بە تایبەت دوای مردنی شا محەمەدی قاجار، جا ئەوە بوو لە کاتی شەڕ، کە شێخ دەی‌ویست تەوریز بگرێ و کاتێکیش تەوریزی بگرتایە، کاری ناسرەدین شا تەواو دەبوو، ئەوە بوو شێخ نامەیەک بە دو پیاوی خۆیدا بە

Dr.Saleh Ebrahimi



ناوی (عەبدورەحیم براگەورەو حوسێن قولی کە هەر دو برا بوون) بۆ مولکئارا دەنوسێ و بانگی دەکا تا بچێتە لای شێخ و شێخ بەڵێنی پێ دابوو بیکاتە شای ئێران، بەڵام مولکئارا لە ترسا، نە تەنیا نەچو بۆ لای شێخ، بەڵکو عەینی نامەکەی دا بە ناسرەدین شا، ئەو دو پیاوەیان کوشت و مولکئارایشیان لە مزگێنی ئەو خزمەتەکردە حاکمی قەزوێن و ئەنگوستیلەیەکی ئەڵماسیشیان خەڵات کرد.

لە نامەی ناسرەدین شای قاجار کە بۆ میرزا حوسینخان سپەهسالار (مشیرالدوله)ی نوسیوە، دەڵێ: ئیقبال دەولە حاکمی ورمێ بێحاڵە و ورمێ داوەتە دەس برازاکەی کە ئەویش مەنسوبی شێخ عوبەیدیللای نەهری شاهی شەمزینە و مەڵبەندی شنۆ، مەرگەوەر، تەرگەوەر، سوماو برادۆستو... داوە بە کوڕی شێخ (سەیید عەبدولقادر ناودار بە غەوسی سانی). تۆ برۆ بەڵکو کاری بکەی، ئەمیش بە دژی کورد دەست بە کار بوو.

کتێبی لورد جرج.ن. کێرزەن تەرجەمەی وەحید مازندەرانی دەنوسێ: شێخ عوبەیدیللا کە بە وێنەی شا رەفتاری دەکرد و رۆژانە ٥٠٠ تا ١٠٠٠ کەسی نان دەداو لە بیری دامەزراندنی کوردستانێکی سەر بە خۆ بوو کە خۆی رابەرایەتی راپەرینی بە ئەستۆ گرتبوو، لە ١٨٧٨ راپەرینێکی پڕ هەیبەت و شکۆی رێکخست، بەڵام کەم دەوام بوو. هەروا دەنوسێ: تاران وەلەرزەکەوتبوو لە ترسی راپەرینی کورد، وە زۆر نیزیک بوو تەوریز بگرن، بەڵام دوکتور کاکوان لەسەرانی کوڕی مەزهەبی ئەمریکا نەیهێشت شێخ ورمێ بگرێ و لەم لاشەوە حوکومەتی ئێران لە دەوڵەتی روسیە بە دژی کورد سودی وەرگرت و پەنای بردە بەر ئینگلیس و دەوڵەتی تورکی عوسمانی. وە کوردەکەش خۆی بێ بەرنامە بوو، ئەوە بوو سەر نەکەوت، ئەم کتێبە راپەرینی شێخی لەبارەی رامیاری‌یەوە زۆر بە گرینگ داناوە، بەڵام لە بابەت تەرح و بەرنامەوە بە کزی زانیوە.

لە کتێبی سەر زەوی زەردەشت، نوسراوی عەلی دیهقان دا، دەڵێ: کوردی ئێران و عوسمانی باوەڕیان وا بوو کە شێخ عوبەیدیللا کوڕی سەیید تاها لە خواوە ئیلهامی بۆ دێ و ئولی ئەمرەو واجبە ئیتاعەی بکرێ و بێ سێ و دو فەرمانی ئەویان دەبرد بەڕێوە. حەزرەتی سەیید تاها نەهری شاهی شەمزین کە لە نەهری لە ناوچیای شەمزین دادەنیشت، محەمەدشای قاجار بۆ خۆش خزمەتی پێنج گوندی لە مەڵبەندی مەرگەوەر پێ بەخشیبوو، تا ئەویش لە دژایەتی تورکی عوسمانی

Dr.Saleh Ebrahimi



پشتیوانی لەم بکا. ئەم کتێبە دەنوسێ: راپەڕینی شێخ عوبەیدیلا زۆر گرینگ بووە، تەنانەت راپەڕینی سمکۆی مەزن و راپەڕینەکانی دیکەی کوردستان بەلای ئەمەوە لە راپەڕینی شێخ سەرچاوەیان گرتووە. هەروا دەڵێ لە ساڵی ۱۲۹۷ مانگی شازادە ئەحمەد میرزا کیشکچی باشی کە حاکمی سابلاغ (مەهاباد) بوو، زۆر بێحاڵ و ریشوە خۆر بوو. هەموو رۆژێ سەرانی کوردی دەگرت و داوای پوڵی لێدەکرن، لە (فیەزوڵلابەگ و میناغای کوڕی قادراغا و هەمزاغای مەنگوڕ)ەوە بیگرە تا بازاڕی و جوتیار و مەڕو ماڵاتدار.ئەم کتێبە تەنانەت دەنوسێ: هەرچەندە محەمەداغـای سەرۆکی ئیلی مامەش و بیوک خان سەرۆکی ئیلی قەرە پەپاخ لە سابلاغ دەچنە لای حاکمی سابلاغ و پێی دەڵێن: تۆ ئیجازە بدەو سەرانی هۆزی موکری و شنۆو ورمێ و ئەم ناوە ناوە کۆ بکەوە با تا شێخ زۆری هێز نەگرتووە،تێکی بشکێنین و ئاوای خاکی کوردستانی بن دەستی تـورکی عـوسمانی بکـەین، بـەلام شـازادە ئەحمەد میرزاکیشکچی باشی لە بیری پوڵ و خۆش رابواردندا بووە و گوێی بەوان نەداوەو لە ئاکاما ئەو دوانە بۆ پاراستنی ماڵ و ژیانی خۆیان بە ناچار بە راپەڕینی شێخەوە دەلکێن، لە ئاکاما شێخ دەستوری دا بڕۆن سابلاغ بگرن و زۆر بە ئاسانی سابلاغیان گرت و میاندواوشیان لە رۆژی ۲۶ شەوالی ۱۲۹۷ی مانگی گـرت و کاتێ لەشکری شێخ رو بە بناو دەڕوا، سەرانی قەرەپەپاخ و مامەش و گوڵاوییاغا و دیبوکری بە خەیانەت پشت لە راپەڕین دەکەن و بە هێزی دوژمن بە بناوە دەلکێن، لە ئاکامدا دەبێتە هۆ بۆ ئەوەی شێخ عەبدولقادر پاشەکشە بکات، تەنانەت دەنوسێ: محەمەداغای مامەش بە چوار سەد سوارەوە دەچێتە ورمـێ و یـارمەتی ئـیقباڵ دەولە. لەم لایەشەوە هاتنی تەیمورپاشاخان حاکمی ماکۆ بە لەشکرێ زۆرەوە بۆ ورمێ و هەروا بێ سەرو بەڕی لەشکری کوردو شـڕە خـۆری و کـوشت وبـڕینی خەلکی میاندواو، بەو جۆرە بووە هۆی ئەوە خەلکی ورمـێ و بـناو، مـەراغـەو شوێنەکانی دیکە لە ترسان زیاتر خۆ قایم کەن و لە راست هێزی کورد راوەستن، ئەمانە گشتی بوونە هۆی تێشکانی هێزی راپەڕینی شێخ عوبەیدیلا نەهری شاهی شەمزین و هاتنەوەی هێزی قاجار بۆ سابلاغ و بۆ مەڵبەندە کوردنشینەکان و قات و قڕی و ئاوارە بوونی کوردو تالان و بڕۆوکوشت و بڕینی کورد،بە دەستی قاجار و قـاجاریان و کـوشتنی هـەمزاغـایش بـە دەسـتی ئـەمیر نـیزامـی گـەروسی و قەڵپبوونەوەی راپەڕینی کوردو کوردستان.

Dr.Saleh Ebrahimi



لە کتێبی: «گزیدەی اسناد سیاسی ایران و عثمانی، جلد۳ واحد نشر اسناد - دفتر مطالعات سیاسی و بین‌المللی تهرن ۱۳۷۰، لە فصل ۵ مسئلهٔ شیخ عبیدالله» دێنیتە گۆڕ و تەواوی ئەو نامانەی لە نێوان ئێران و عوسمانیدا، لە نێوان وەزارەتی دەرەوەی ئێران و عوسمانی و وەزارەتی دەرەوەی ئەودا لە بابەت راپەڕینی حەزرەتی شێخ عوبەیدیلاوەیە، نوسراوەو پڕە لە قسەی ناخۆش بە کورد و بە حەزرەتی شێخ، لەپەڕەی ۷۴۷ دا ئەمەیشی نوسیوە کە کورد و هۆزی شکاک، ئەوەندەیان باوەڕ و ئەقیدە بە حەزرەتی شێخ عوبەیدیلا هەیە، هەمیشەیا شێخ یا شێخیانە، وە لە تەنگانەدا هاواری لێدەکەن تا تەنگانەیان لەسەر لابات. ناسرەدین شا تەنانەت وێنەو عەکسی شێخ عوبەیدیلای لە وەزیری خاریجەو باڵوێزی خۆی لە ئەستەمبول داوا کردووە کە ئەم نامە لە پەڕەی ۷۰۲ ئەم کتێبە چاپ کراوە، وا دیارە حەزرەتی شێخ وێنەی لە ئەستەمبول هەڵگیراوە. بەڵام وێنەی شێخ چاپ نەکراوە، کەچی وێنەیەکی زۆریان لەم کتێبەدا لە چاپ داوە، لەم کتێبانەش بۆ ئەم نووسینە کەڵک وەرگیراوە:

شۆڕشی شێخ عوبەیدیلا، عەلی ئەفشار کە لە نێو تاریخی ئەفشاردا لە چاپ دراوە. نوسراوەکانی قوریانسەشەلە کە لە سابلاغ نیشتەجێ بووەو هەواڵی رۆژانەی شەڕی بۆ دەوڵەتی ئێران دەنوسی و زمانی فەرانسەشی زانیوەو نوسراوەکانی قوریانسەشەلە لە نێو دوو توێ کتێبی دارسەڵتەنەی تەورێز چاپ بووە. شەرحی حالی عەبباس میرزا: مولک ئارا بە قەڵەمی خۆی و تێکۆشانی عبدالحسین نەوایی، چاپی ۱۳۶۱ی هەتاوی. کتێبی مارتین وان برونسن، چاپی بابەک، تاران. ج ۱ کتێبی ئێران و قەزیەی ئێران لورد.ن. جرج کرزن تەرجەمەی وەحید مازندەرانی چاپی ۱۳۶۲ی هەتاوی. نگاهی بە تاریخ مهاباد، نوسراوی کاک سەیید محەمەد سەمەدی کە بە ئەمانەت و بۆ پیاچونەوە دابوی بە شاعیر و نوسەری رێزدار کاک حەسەن سەلاح سۆران و ئەمیش لوتفی کرد تا من بۆ راپەڕینی حەزرەتی شێخ عوبەیدیلا نەهری شاهی شەمزین کەڵکی لێ وەربگرم و زۆرم کەڵک لێوەرگرت، خوا هەردوکیان بپارێزێ بۆ خزمەت کردن بە فەرهەنگ و نوسین لەبارەی کوردەوارییەوە.

مەلیک غازی شێخ عوبەیدڵلای نەهری شاهی شەمزین لە ساڵی ۱۲۴۳ی مانگی لە دایک بووەو لە ۱۳۴۶ی مانگی دوای حەج کردن لە تایەفی حیجاز

Dr.Saleh Ebrahimi



وەفاتی کردووەو نێژراوە، هەر وەکو حاجی خەلیفە مەلا محەمەد (بەها) ئـەمین حوزوری ئەو زاتە بە شیعر فەرمویەتی:

شـــادان رحـمت آمـده سـالار اولیـا — سـلطان العـارفین عـبیداللـه از خـدا
در مسجد الحرام بمکه وفات یـافت — جـان گشت بـاز کـنگره جنةالعـلیٰ
ذی الحجة الحرام ز بعد از وفای حج — شادان رحمت شد تاریخش از (بها)

شێخ خۆی فەرمویەتی (گشت تـاریخ ولادم الغـریب ۱۲۴۳) و لە ۱۲۹۴ی مانگی لەگەڵ روسی تەزاری جـەنگیوە. □ بـەهاخەلیفە مـەلا مـحەمەد بـاپیری (شەپۆل) لە ۲۷ ربیع الاول، سـاڵی ۱۲٦۰ لە دایک بـووەو لە ۲۷ ی رەمـەزانـی ۱۳۴۳ی مانگی لە شاری مەهاباد وەفاتی کردووەو لە نێو خزنی شێخ مـەحمود نەهری شەمزینی نێژراوەو ئێستا کەوتۆتە شەرقی -خ - دەنگ و رەنگی مەهاباد لە کوچەی فێرگەی ئیبنی سیناو ئارامگەکەی سەنگ چینەو زیارەتگەی مـریدان و پـەیرەوانـیەتی. بـڕوانـە رۆژنـامەی کـوردستان، تـاریخی مـەشاهیری کـورد، نووسراوی بابەمەردوخ شێوا، جەلدی ۲، چاپی ۱۳٦٦، پەڕە ۲۲۲و تاریخ فرهنگ و ادب موکریان، بۆکان، ج یەکەم، پەڕەی ۳۹۵ تا ۳۹۳ چاپی ۱۳٦۴ی هەتاوی، نووسراوی ئیبراهیم ئەفخەمی، وە کۆواری گـرشەی کـوردستان، ژمـارەی ۴و ۵ جۆزەردان و پوشپەڕی ۱۳٦۰ی هەتاوی و ۱۹۸۱ زاینی، ساڵی دووەم، پـەڕەی ۳۲و ۳۸. ژمارەی یەکەمی گرشەی کوردستان لە مارسی ۱۹۸۱ لە تـاران چـاپ کراوە. کتێبی ژیناوەری زانایانی کورد لە جیهانی ئیسلامەتی، چاپی ۱۳٦۴، پەڕەی ٦۰٦ تا ٦۸٦. □ مەولانا خـالید نـەخشبەندی شـارەزوری، نـوسخەی نـابیغەو نوسخەی جامیعە، بە پێی ئەم شیعرە:

بـهر تـاریخ وفـات از قـلم — خالد فی الجنة جلَّ زد رقم

لە ۱۱۹۳-۱۲۴۲ی مانگی لە دایک بووەو وەفاتی کردووە. □ حـەزرەتی سـەیید تاهای باوکی شێخ عوبەیدللاّ لە ۱۲۰۲ی مانگی لە خـومارۆ لە دایک بـووەو لە ۱۲٦۹ لە نەهرێ وەفاتی کردووەو نێژراوەو ۷۱ ساڵ ژیاوە، بە پێی ئەم شیعرانە:

والد مـــاجد خـــمارو مـــولدش — نهریه هم مسکـن و هـم مـدفنش
شـــد بـــطفرای الهـی در بـهشت — هم قضا آن نقطه تاریخش نوشت
بـــود ســـید نـام طـه والدم — ...................

سەرچاوە دیوانی خەتی شێخ عوبەیدللاّی نەهری و حاشیەی خەتی پـەڕەی